# حەوت دنكە تەزبێحی خەوی پساوەی قەندیل
## -لە پەنای یادەوەرییەوە –

كەریم كاكە

### بەشی سێیەم

ماندووتر لە دوێنێ
ماندووتر لە سبەی
چاوی من چ ماندوویێكی پڕ وەنەوزە
لە بەرزایی هەوری بەرزەوە
تەمەنێكی بێ رۆژە شەونخوونی بۆ زێدێ دەكەم
زێدێ، لە ناو خەونی ئالاو والای خۆیدا
جێ تیشكێ بۆ سەرگەردانێ ناكاتەوە
زێدێ، باوەشی خەو
بۆ باوێشكی من ناگرێتەوە
ماندووم.. ماندووتر لەو گەلایەی
لە دەستی باوە بۆ دەستی با
جێگەیەك دالدەی نیشتنەوەی نادا
بەفر دەڵێ:
چاڵێ لە قەندیل هەڵكەنە، چاڵێ
گەرم گەرم داتدەپۆشم
بخەوە، بە فەد ساتەكانی بێداری بخەوە
بێ خەم بخەوە وەك منداڵ
نە پەنجەی زریان دەتگاتێ
نە لوورەی ئەنفال

( مارشی پێشمەرگە )

بەفرمالّین، هەلّکەندنی چیا، وەرزشی رۆژانەی حەوت جەنگاوەری هەلاّتووە، بە پانتایی جێی پیاسەی حەوت کەسی، بەفر بۆی نەبوو لێی داکوتێ و بیکاتە مالّی خۆی.. دەبوو رۆژانە، شەوانە چەند جارێ جێ بە بەفر چۆلبکرێ و جەنگاوەران لە ناو بازنەی بەفرو بە دەوری ئاگرا لە سووڕانەوەی تەمەندا پیاسە بکەن...دەبوو رۆژانە، شەوانە لە هۆلّەکەدا، کاری حەربەکاری بکرێ و بن سێ گابەردی گەورە هەلّبکەنرێ.. ئەوەتا جەنگاوەران دەلّێی گۆڕهەلّکەنن، گۆڕی گەورە، گۆڕی بە کۆمەلّ... ئیمامەی پساوە دەیگوت: چەندێ قوولّتر بێت، گەرمترە، خەوی خۆشترە، خەونیشی جوانترە..... بەختیار هەلّیدەدایێ: چایەش تامی خۆشتر دەبێ.... م . بایز: جگەرە جگەرە، دووکەلّی جگەرە بە زایە ناچێت..... م . شێرزاد: دەنگیش لە شوێنی قوولّ ناسکتر دێتە گوێ.... فاتیمە: بەلاّم رەنگە شوێنی قوولّ بەربەست بێت لە پێش بیرکردنەوەی قوولّ.... من گوتم، رەنگە لە شوێنی قوولّدا خەونی جوان ببینرێتەوە... ئەو ساتانەی لە هەلّکەندندا تووشمان بە تووشی بەردێکی گەورەوە دەبوو، کچە خەونییەکەی م . رەسوو دەهاتە ناو چاومەوە.... پۆلاّش هەر پۆلاّبوو بە قسەی گەرم گەرم نەدەبوو تا بە قسەی سارد، سارد بێتەوە.... ئاودەستەکەی شەیتان هێندە پەنجەو پێی دەسکاریی تێدا گەڕاوەو پێیکەوتووە، شەیتان رێی بێرە بکەوێتەوە، نایناسێتەوە... تەواوێ قوولّ بووەو بە سنایی پڕ نابێتەوە، لە دیوارەکانی حەوت بازنەی خوارو خێچ کێشراوە، هەر بازنەیەک بۆتە جێی خەتخەتۆکەی جەنگاوەرێکی هەلاّتوو.. کەسیش خەتی ئەویدی پێناخوێندرێتەوە، فاتیمەی نالّێم، رەنگە ئەو سەرەدەریەکیان لێدەر بکات.. جەنگاوەران رەنگە خۆیشیان نەزانن چی دەنووسن و چی دەکێشن..من ئەگەر لە بازنەکەی خۆم بچمە تاقیکردنەوەی پرسیارانەوە، جگە لە دمم تێکئالاّن رەنگە رستەیەکم نەبێت بۆ وەلاّم... بەس نازانم ئەوانیدیش وەک منن یاخود نا... قەندیل نەشەوی شەوە نە رۆژی رۆژ، شەوو رۆژی..... ئەو کەسەی لە قەندیل قسە لە شەوو رۆژ دەکات، تەنها بۆ کردنەوەی کات و گرێدانەوەی کاتە...

- تۆ وەرە بە حەوت کەسان دوو رادیۆت هەبێت، هیچیشیان ئیش نەکەن.. باش لە دنیا دابڕاین!
- کورە رادیۆ باسی چ دەکات! دەلّێ هۆی حەوت کەرەکەی قەندیل وەرن بێرەدا بڕۆن دەردەچن! وەرن ئا ئەوەتا لێرێهێ جۆ هەیە؟
- ئاگاممان لە دنیا دەبوو، چ بووە چ نەبووە
- من نامەوێ ئاگام لە دنیا هەبێت، پێویستم بەوەیە دنیا ئاگای لە من بێت، بۆ من لێم قەومایە یان دنیای گەواد؟!

م . بایز بە شێوەیەک وشەی (گەواد) ی گۆ کرد، هەر گەوادێک گوێی لێی بوایە، بۆ هەتایە گەوادیی تەرک دەکرد، تەرکی دەکرد ئەگەر لەو تەرککردنە دنیای لە دەست بچوایە، ئەو گەوادەی لە دەمی م .بایزە وە دەرچوو هیچ گەوادێ نەبوو خۆی لە بەر رابگرێ.... ئەو پیاوەی تا چەند رۆژێ لەمەو بەر لە میهرەبانیدا مەسیح ئیرەیی پێی دەبرد، ئیستا پیاوێکە لە تووڕەیی، پیاوێکە وەک لیمۆ بیگوشی، چۆڕە ئارامییەکی لێ ناتکێ.... ئیستا رێک لە شێرەکەی

بەشەریەت دەچێت ئەو شێرەی لە تەنیشت ئیمامی عەلیەوە هەڵواسرابوو..پێشتر بیستبووم لە زۆر شوێنی ئاقاری قەندیل، رادیۆ خەسلەتی بەرد وەردەگرێ، وردیشی بکەیت قسەیەکت بۆ ناکات، ئەگەر لەبەر خاتری خاتران بێتە قسەو بێدەنگی بشکێنێ، ئەوا تەنهاو تەنها رستەی مەلیکی بەغدای بەسەر زمانیدا دادێ، لە گۆرانییش بەس گۆرانییەکی کاوێس ئاغای لەبەرەو بۆت دەڵێتەوە... کەسیش لەو نهێنییەی رادیۆ شتێکی ئەوتۆ نازانێ، ئەوەش بۆتە نهێنییەک لە نهێنییەکانی قەندیل.... بیستبووم هەر لە ئاقاری قەندیل بە دیوی پشتئاشانا، رادیۆی بەغدا بەردەوام دەنگی دێ و نایبڕێتەوە... ئیدی حەوت جەنگاوەرە هەڵاتووەکە ئێستا لە جێگەیەکن لەو جێگایانەی رادیۆ لە قسەکردن بە رۆژوو دەبێ، رۆژووگرتنێ هەرچی گوێی دنیا هەیە بۆی هەڵبخەیت، ئارەزووی شکاندن ناچێتە زارییەوە...

– من دەمەوێ تێبگەم بۆچی رادیۆ لەو قەندیلە وەک بەرد قڕوقەپی لێدەکات، ئەگەر بێتە دەنگیش هەر دەنگی بەغدایە

– من بزانم لە نێوان قەندیل و بەغدا ریکەوتنێکی نهێنی زۆر نهێنی هەیە شەیتانیش ئاگای لەو سەینوبەینە نیە

– تەڕەماش هەیە

– منیش وای بۆ دەچم قەندیل شتێکی لەگەل بەغا هەبێت، ماقول نیە لە گەڵ ئاسمان رێکەوتنامەی هەبێت لەگەڵ بەغدا هیچ لە گۆڕێ نەبێت

مشتو مڕێکی گەرم لە نێوان هەر سێ (م) ەکە لە بارەی قەندیل و رادیۆ دەستی پێکردبو بەڵام من لە هەموان پتر حەزم چووە تەڕە ماشەکەو لە تەڕەماشەکەی ( م. بایز) ەوە رادیۆکەی خۆم بیر کەوتەوە.... دێتە بیرم منیش رادیۆیەکی باریکەلەی ئێسک سووکم هەبوو، بەخشیمە منداڵێکی چوار ساڵە ناوی ناسک بوو.. ناسک لە یادەوەریمدا تالیکی نەپساوەیە، تالیکی موگناتیسییەو پەلکێشم دەکات، دەمبات دەمهێنێت، لە ڕێوبانی ئێرەو دۆڵەقە لە تاریکیدا سەرەنگرێ دەبم، لە رووناکیدا سەرگەردان دەبمەوە..دەبینم ناسک وا لە سەفەری ئەنفالەو لە رادیۆکەوە گوێی بۆ سوورەتی ئەنفال هەڵخستووە.... پێش ئەوەی ناسک بە دایکەوە بچنە گەشتی ئەنفال بە چەند ساتێ لە باوەشی من بوو، بۆ چۆڕە ئاوێ وردە فرمێسکی دەباراند بەسەر رەقایی دۆڵە رەقەدا، چ دۆڵێکی دلڕەق بوو ئەو دۆڵە رەقە، دلڕەقتر لەو وشانەی ئەنفالیان لە رستەیەکی درێژ درێژ رست کردبوو، درێژتر لەو هەورازانەی جێڕاوگەی ئەنفال بوون، خوداوەند ئەگەر ئەو منداڵە تینووەی بدیتبا دڵنیا بووم، زاری کانییەکی لەو دۆڵە رەقەیە دەکردەوە.. مەتارەکەم لە خۆم بەتاڵتر، لەوەتەی مەتارەیە بەتاڵیی وای بە خۆیەوە نەدیتووە... ناسک چاوی لە سەر مەتارەکەی من بوو، ئەو مەتارەیەی پڕ پڕ بوو لە بەتاڵی، لەو ساتانە خۆزگەیەکی ئاویم بە بەدیارکەوتنی خارە خولە خواست، بیستبووم ئەگەر مەتارەی دنیا بایی دەم تەڕکردنێ تەڕایی شک نەبەن، مەتارەکەی خارە خولە بێ ئاو نابێ.... من رادیۆکەم بە ملی ناسکەوە کرد، بۆ چەند ساتێ تینوێتی لە بیر کرد.. دایکی ناسک حەڤدە ساڵێک لە ناسک بە تەمەنتر بوو، من کە دیتم سەرەتا وام زانی مەستوورەیە... بە تینوێتی بە

جێمهێشتن، به تینوێتی لێم بزربوون.. به دوای تۆپەکان فورسانەکانی سەلاحەدین گەیشتن، به دوای فورسانەکان سەربازەکانی ئەنفال گەیشتن.. پسابنەوە پەرتبووین، لە بەردەکانی دۆڵە رەقە پەرتتر.. ئەوەی هەبوو لە بیرم چوو، ناسک، دایکی ناسک، هەموو هەر هەمووم لە بیر چوو, ئەوەی لە بیرم ما، تەنهاو تەنها گیانی خۆم بوو، گیانێک کە لە ساتە هەترەش چووەکان، تامی شیرینیی هەرچی شیرنایەتی دنیا هەیە بە زیادەوە دەبەخشیٚ... هێندەم لە بیرە لە ناو دەستی ترسا گرمۆلە بووبووم، ئەوە ترس بوو هەڵیدام، هەڵدانیٚ هیچ کێویٚ بەردی وا هەڵنەداوە.. پشتاو پشت لە تەنیشت فاتیمە کەوتمەوە، لە بن گابەردیٚ کەوتینەوە.. گابەرد رێک دەکەوتە دەروازەی کونە کۆترەوە، لەو دەروازەیەوە کە بەسەر دۆڵە رەقەدا دەیڕوانی، بە زمانی تینوێتی کەوتینە گێڕانەوەی حەکایەتی ئازایەتی، ئازایەتیی دەرباز بوون لە دۆڵە رەقە.. ئەودەمانیٚ دۆڵە رەقە دۆڵیٚ بوو لە دۆڵەکانی ئەنفال، لە هەموو رێیەکانی عاسمان و عەردەوە، ئەنفال وەک مێرووولەی خوا غەزەب لێگرتوو رێچکەی فڕینیان رووەو دۆڵە رەقە بەستبوو... ئەو وەرزەی ئەو یادەی لیٚ رسکا هاوینێکی ئابی بوو، ساڵ لە مانگی ئابدا جەنەی گرتبوو، ئابی ئەو ساڵە لە ئابی عەرعەر گەرمتر بوو، گەرم گەرم رووباری دەکوڵاند، پیتەکانی سوورەتی ئەنفال گەشتر گەرمتر لە پشکۆی هەرچی دارستانی داربەڕووی چیا هەیە، دۆڵە رەقەی ئەودەم ناو جەرگەی بیابان بوو.... لەو ساتە وەختە قارەمان ئەو کەسە بوو، لە ئاقاری دۆڵە رەقەی بە ئەنفال تەنراو ئەگەر بە هەڵەش بێت رێی بە رێی هەڵاتن بکەویٚ و ساچمەیەکی ئەنفال ساردی نەکاتەوە.... رێگەیەکی پان، پانتر لە زیلەکانی ئەنفال، کەوشەنی نیوان دۆڵەرەقەی ماندوێتی و دەروازەی حەسانەوە بوو، حەسانەوەی دەم وشک، وشکتر لە ئابی دۆڵە رەقە.. دیتم بەو چاوانەی خۆم دیتم هەر جاش بوو راوی ژن و منداڵی دەکردو.....

- باشە دەنگی رادیۆ ژەنگی گرتووەو خشەخشیشی نایەت دەنا لاوکەکەی کاوێس ئاغا ئێمەشی دەبردەوە خیانەت... ئەنگۆ بە من بڵێن لە بەرنامەی گۆرانی داواکراودا بۆچی هەر داوای ( کورد خائینۆ) دەکەن؟ دەزانن جارەک گیڤاراش ئەو پرسیارەی لێکردم
- ئەتو چت وەڵام دایەوە؟ خۆ نەتگۆت بە هەڵە داوای دەکەن
- ناوەڵاْ پرسیارەکەم لە بیری بردەوە
- ئەگەر ئەو جارە دیتتەوە پێی بڵیٚ لە ناو کوردا لە بەرانبەر هەر ماڵە پێشمەرگەیەک یەک گەڕەکی گەورە جاش هەیە، ئا ئەوهای پێبڵی بڵیٚ کانەبی وەی گۆت
- من زۆر رقم لەو لاوکە دەبێتەوە، کە دەیبیستم ساڵی جاشایەتی خۆمم بیر دەکەوێتەوە

یادوەری گێڕانەوە بۆ خۆت، لای من وەک چوونە ناو ( هەزارو یەک شەوە) وایە تا تەواوی نەکەم زەحمەتە دەسبەرداری ببم، ناڵێم ئەگەر سوورەتی ئەنفال تۆپی وشەیەک بهاوێژیٚ و لە بەر دەمم زرمەی بیٚ، یان مەستوورە بە بەژنی زراڤ و چاوی خومارەوە بێتە بینایيمەوە...من ئێستا بە گویٚ و چاوەوەو لە بن گابەردەکەی کونە کۆترم، وەلیٚ بایی هێندە خزمایەتیم بە سیٚ گابەردەکەی

قەندیلەوە، بە برادەرە پساوەکانم، بە فاتیمەوە ماوە، بتوانم چەند رستەیەکیان لێهەڵگرمەوە.. خزمایەتیەک ئالۆزیم ئالۆزتر دەکات، ئەوەتا من لە رستەکانی ئەوانەوە دەگەمەوە یادەوەرییەکانم یان ئەوان لە بێدەنگییە پڕ هاوارەکانی منەوە سەری قسە دەکەنەوە! .. ئەوەتا دەبینم، دوور نیە، لەناو دوور بینەکەوە دەستم نەختێ درێژتر بایە دەگەیشتێ، ئا ئا لە بەر چاوە لە دەو ئەو رێگە پانەی منی لە دۆڵە رەقە جیا کردۆتەوە، نزیک نزیک، درەختێکی باڵ شکاوو چەتد بەردێکی پشت قلیشاومان بەینە... جاشێ لە پشتەوە دایکی ناسکی قۆڵبەست کردووە، سەر بازێ کە سەر شانی پڕ لە نەجمەی ئەنفالە یەخەی ژنەی دادڕی، بە دیارکەوت سینگ و مەمکێ، سپی سپی هەموو قەندیل بخەیتە ناو چاوتەوە کلۆ بەفرێکی وا سپی نابینیتەوە، ئەوتا سەر بازەکە بە پەنجە ئەنفالییەکانی یاری بە گۆی مەمەکانی دەکات، ژنە خۆی رادەپسکێنێ، بەلاشە جاشەکە بە هێزەو بەرزەفتی کردووە، ئەها دایکی ناسک تف لە ئەنفال دەکات، ئەنفال بەبەر زللەی دەدات... زیڕو هۆڕ بە پڕی دۆڵی ئەنفال بەرز دەبۆوەو کونە کۆتری دەلەرزاند... دەنگێ دواتر زانیم دەنگی پیاوە بانیمارانییەکەیە، بە ترسەوە (( ئەگەر دەتانەوێ بەر چنگی ئەنفال نەکەوین، دەنگ لە تفەنگتانەوە نێت، بزانن مەرگی هەمووومان لە تەقەی پێشمەرگەیەکە)) زیلەکان گەیشتن.. گەشتی ئەنفال دەستی پێکرد.. لە ژنەکان تەنها دایکی ناسکم ناسییەوە، لە پیاوەکان پیرێکم ناسییەوە باشم نایەتەوە بیر بەس وا بزانم لە مزگەوتەکەی بالیسان بوو بە دمم دەستنوێژ شووشتنەوە دەیگوت قورئان هیچ عەیبی نیە بەس نازانم ئەو سوورەتی ئەنفالە بۆ! .. لە منداڵەکان ناسکم بەر چاو نەکەوتەوە، بەڵام رادیۆیەکم بە دەستی سەربازێکەوە دیت زۆر بە رادیۆکەی ناسک دەچوو.. لە جاشەکانیش دوانیانم ناسیەوە یەکیان برادەری منداڵیم بوو بەلاشاوەیی بوو، ئەویدی سەردەمانێک پێشمەرگەیەکی ئازابوو لە شەڕەکاندا بە پێوە شەڕی دەکرد، ئێستاش ئەوەتە مریشک دەخاتە گونیەوە، سەربازەکەی گەمانی بە مەمکی دایکی ناسکیش دەکرد، بە هەڵەدا نەچووبم، وێنەکەیم لەو بیرەوەریە دیتەوە کە لە چاوی فاتیمەوە دزیم..... من و فاتیمە بە تەنیشت یەکەوە گرمۆلە بووبووین و بە چاوی پڕ ترسەوە تەماشای فیلمی ئەنفالمان دەکرد.. بە من و فاتیمە سێ گوللەمان پێمابوو، خۆ ئەگەر سێ حەفتاو پێنجیشم هەبا، تفەنگی من دەنگی لێوە نەدەهات، چۆن خۆم دەخەمە چنگی ئەنفالەوە، بیستبووم گوللە کار لە ئەنفال ناکات، گوللەبەندی پێیە، گوللەبەندێک لە دەسکردی خوداوەند...

- ئەرێ تۆش رادیۆیەکت هەبوو...
- دامە ناسک
- ناسک کێیە؟
- کچی ئەو ژنەی سەربازەکەی ئەنفال یاریی بە مەمکەکانی دەکرد.. لە بیرت چوو لە بن گابەردەکەی کونە کۆتر پێکەوە تەماشامان دەکرد!
- ئاخر لەوێ مەمکی چەندان ژن لە ناو دەستی سەربازەکان....

ئۆها! من هەر رووتیی دایکی ناسکم دیت، سینەو مەمکی ئەو ژنە چاوی منی لە دیتنی ژنە رووتکراوەکانی دی کرد، هیچیانم بە رووتی نەدیت..بە پانی و درێژیی تەمەنی پڕ لە هەڵاتنم،

تەنیٚ دوو جار ژنم بە رووتی دیوە.. ژنەکەی ناو رەشماڵی خێلان، ئەو خێڵانەی لە زارگەلی هەڵیان دابوو، ئەو دەمانیٚ زارگەلی نەکەوتبووە سەر زاران، حەفتاو حەفت رۆژە ریٚ لە ئەنفال دوور بوو، زارگەلی ئەوسا بە زاری عەشق دەئاخافت، جگە لە زمانی عەشق چ زمانەکی دی نە دەزانی..رەشماڵنشینان سادە بوون سادە، چ لە گەرمیانیٚ چ لە کوێستانیٚ هەر لە باوەشی سرووشت دەژیان و بۆ هەناسەیەکیش لێی نەدەبوونەوە، ژیانێک بۆ ئەزموونیش تاکە گرێیەکی ناسرووشتی تێنەکەوتبوو... من و کوڕێک ( شێخ شوان) یان دەگۆتیٚ رێمان کەوتە رەشماڵەکانی زارگەلی... رەشماڵ لە ژنان رەشدەچۆوە، لەویٚ ژنی گەلەک جوان و ناسکم دیتن، ناسک ناسک دەتگوت لاسکە رێواسن، من هەر سیٚ چوار پیاوم بەر چاو کەوتن، ئەوانی دی بە هاوارەوە رۆیشتبوون، خەبەریان بۆ هاتبوو هەندەک کۆچەریی خزمیان لە گەرمیانیٚ چەند مانگە ئەنفال ریٚی پێگرتوون و رێیان نادا بە کوێستانیٚ بکەونەوە، پیاوەکان بە هاواری ئەوانەوە رۆیشتبوون.. رۆژی یەکەم ئێمەیان لە بارەی ئەنفالەوە پرسیارکوت کرد، هەرچیمان دەگۆت تێنەدەگەیشتن.. ژنێک گۆتی: بە خودای ئەنگۆش هەر هێندەی مە لە بارەی ئەو ئەنفالەوە دەزانن هەر لەبەر هەندێیە ناتوانن ئەو شتە لە مە بگەیەنن... باش بوو وازیان لە پرسیاران هێنا، کە زانیان ئێمە لە بەر شتەک هەڵاتووین ناوی ئەنفالە و خزمەکانیشیان بە دەست ئەو شتەوە گیرۆدە بوونە، پتر خۆشیان ویستین.... لە بیرم نیە ئەو تامی ژنی کردبوو یان نا بەڵام من بەس لە خەویٚ قیچەک تامم کردبوو هەر لە خەویٚ ژنم بە رووتی دیتبوو بەس رووتییەکی ناو تەمو مژان.. شەش شەوو رۆژ لە ناو رەشماڵان دادەنیشتین ، دەنووستین هەڵدەستاین دەسووڕاینەوە، بە ژمار بیست و یەک رەشماڵ، بۆ مە کراوەو لە سەر پشت بوون، بیٚ داواکردن هەرچی هەبوو لە پێشیان دادەنایین.... رەشماڵەکانی زارگەلی ئاشنایەتیەکی گەلەک ناسکیان لەگەڵ خودا هەبوو، بەس چەندیٚ پرسیارم لێکردن چەندیٚ گوێم بۆ شلکردن و بە چاوی ناسینەوە رۆنیمە هەلسوکەوتیان، پەیامبەری وانم نەناسییەوە، خودای وان دلٚی لە رەشماڵەکان کراوەتربوو، نە لە خودای من دەچوو نە لە خودای شێخ شوان، لە خودای کەس نەدەچوو، هەر وەکی مندالاٚن پێدەکەنی، وەکی ژنەکانی زارگەلی لەنجەی دەکرد.. من لە کتێبی هیچ پەیامبەریٚ خودای لەو تەرزەم نەدیتییە، ئەوان ئایینەکیان هەبوو بە خۆشیان هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی..... جاروبار بە چاو حیزانە سەیری ژنە جوانمەکانم دەکرد، ئەوان قاقا پێدەکەنین، پێکەنینیٚ نە (ئا) ی تێدا دەتریقایەوە نە (نا) لە بەینی خۆمان دەمانگۆت هەبیٚ نەبیٚ ئەوانە لە تیرەی شێتانن، بەڵام هیچ نیشانەیەکی شێتی لەواندا نەدەبینرا... شەوی حەوتەم بوو، شێخ شوان گۆتی:

– گرتی! ئەو شەو بە خۆیان بانگمان دەکەن، زۆر جوانیشن

- قسەی حیز، فشەیان پێکردیتی

- دەبینی.. ئەوەی قەت نەتدیتووە ئەوشەو لە بەر ئەو مانگەشەوە بە چاوی خۆت دەیبینی

- ئاخر کو رازیت کردن؟

- هەقت لەوە نەبێت.. ئەو شەو دوو ژن دێنە بن ئەو رەشماڵە، پیاو بەو ئیشی خۆت بکە، هیچ پرسیارم لێ مەکە من سەرخەوێ دەشکێنم، تۆش بنوو درەنگ دێن..

لە سەر جێی بڕواهێنان و نەهێنان گینگلم دەدا، ئەو شەوە لە کنە من شەوی خەوتن نەبوو، سەیرم دەهات لە پرخەپرخی شێخ شوان، تو بڵێی جگە لەو کوڕە کەسێکی دی هەبێت لە چاوەڕوانیەکی وادا خەوی لێبکەوێت! ئەوە پتر دەیخستمە گومانەوە، دەمویست لە خەوی بکەم و پێی بڵێم بۆچی درۆی وام لەگەڵ دەکەیت! نا ئەو شێخە حەفت ساڵ دەبێت پێکەوەین درۆیەکم لێی نەدیتووە.. لە رۆژی درۆشدا درۆیەکی بە زاریدا نەهاتووە، زمانی بە درۆی سپیش نەگەڕاوە.. بەس یەک درۆی هەبوو کە قەت لێی نەدەبۆوە ئەویش ناوەکەی، ئەو درۆیەش خۆی گوتەنی وەک لەمپەرێ وایە، رێ نادا بیرۆکەی هیچ درۆیەک بپەڕێتە سەریەوە... ترسام لەوەی هەر بۆ تاقیکردنەوە خۆی هاوێشتبێتە قەرەی درۆوەو بۆ بەدبەختی لە ناو هەموو شەوەکانی تەمەن ئەم شەوی بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە هەڵبژاردبێ... هەیوە شەوی ئەو شەوە، نەبووەو نابێتەوە، روون روون، روونتر لە چاوی کچە کۆچەرییان، روونتر لەو کانیانەی بزنەرێش بۆی ناچێتەوە.. مانگ هەرچی تریفەی خۆی هەیە تال تال دەیبەخشییە زارگەلی، ئەو شەوە چراخانێ بوو هاتو رۆیشت نابینرێتەوە، تالە قژت لە سەر عەردی دەدیتەوە... ئەوە جاری یەکەم بوو مانگ هێندە لە زەوی نزیک بێتەوە، دەتگوت لە ئاسمانێ تووڕە بووەو لە ناو رەشماڵان نیشتۆتەوە.. بە خۆم نەوەستام، شێتانە بانگی شێخ شوانم کرد:

- ها چ بووە؟
- هەستە هاتن
- هاتن! باشە
- تەڕەماشە، هاتنی چی!
- بۆ... چ وەختە؟ – تەماشای کاتژمێرەکەی کرد– هێشتا ماویەتی خەمت نەبێ زووە دێن..
- کەنگێ؟!
- گوتم دێن یانی دێن، گفتیان داوە، ئەوانە بشیان کوژی درۆ ناکەن و گالتەش بە کەس ناکەن..

شێخ چۆوە خەوێ، لە قسەکانییەوە، دڵۆپ دڵۆپ دڵنیایی رژایە گیانمەوەو فێنک بوومەوە، بەڵام جاروبار هێشتا هەستم بە گەرمایی سکلی گومان دەکرد، دیاربوو دڵۆپەکانی دڵنیایی بە تەواوی گومانیان نەکوژاندبۆوە.. بە پەنجە لە سەردانان نازانم کات چ کات بوو، هێندە دەزانم شەو درەنگ بوو، ئا درەنگ بوو ئێستگە لە دوای ئێستگە شەوشادیان دەکردو لە رادیۆکەی شێخ شوانەوە دوا گۆرانی کە تایبەت بۆ منی گوت گۆرانیی ( لە ناو رەشماڵی خێلان ) بوو.. رەشماڵی چاوەڕوانی بە سەر هەڵدێرا دەیروانی، هەڵدێرێ مەگەر لە مندا هەڵدێرێکی وەها هەڵچنرابێ.. رەشماڵەکان هێندە لێکدی دوور نەبوون، لە نێوان رەشماڵێک بۆ ئەوی دی چەند گابەردێ لە بەر تریفەی مانگدا بێ خەم بێ چاوەڕوانی خەوتبوون.. گوێم لە خشپەی پێ بوو، خشپەی پڕ چێژ بەڵام

چێژێکی لێواو له ترس، سەرڕێژ له شەرم.. ترسام له ژن ترسام، له تامیٚ ترسام، قەت نەمکردووە، له بۆنیٚ ترسام ئاشنایەتیم لەگەڵی نیە.. به شەرم تەنرام.. شەرم له دیمەنیٚ، نایەتەوە بیرم وێنەکەیشم دیتبێت.. دنیایەک کتێبم له بارەی گیان و جەستەی ژن خوێندۆتەوە، بەڵام پێناچیٚ هیچیان دەروەستی ئەو ترس و شەرمەی من بێن.. نا کتێبەکان خیانەتیان لێم کرد، لەو هەموو کتێبه دێریکم بیر ناکەوێتەوە فریام کەویٚ.. کتێبەکان درۆیان لەگەڵم کرد، به قەد دەستگوشینیٚ ژنی پیٚ ئاشنا نەکردم، کتێبەکان له من ترسنۆکترن نەهاتن ترسی ژنم لیٚ بڕەوێننەوە، کتێبەکان وەکو من پتریش شەرمنن، جگه له شەرم شەرمکردن له ژن چیدیان فێر نەکردم... ئەوەتا له ناو رووناکیی مانگدا سەری حۆم داخستووەو دەلەرزم، له هاتنی ژن دەلەرزم...خشپەی پیٚ پێبەپیٚ نزیکتر دەهاته گویٚ، ئا هەون، ژن به سەر لمیشدا پیٚ باویٚ دەنگی پێی دەناسمەوە، دەیانناسمەوە له بارەی زۆر شتی ژنەوە شت دەزانم، سەردەمانیٚ برادەرانی منداڵیم به ژنناس ناویان دەهێنام.. بەڵام له بارەی جەستەی ژنەوە کۆڵەوارم و هەڕەی له بڕەی دەرناکەم.. تا ئێستا بۆ گاڵتەش لێوم به لێوی ژن نەکەوتووە.. ماچ! درۆی ناکەم دێته بیرم گچکه بووم زۆر گچکه، کچێکی خزممان جارەک گۆتی دەزانی ماچم بکەیت؟ پوخته ماچم کرد، له بەدبەختیمان براکەی دیتی، هەڵاتم.. کەوته دووم.. نەگیرام..له بیرمه له هەڵاتنیٚ تامی ماچەکم لیٚ بەربۆوە، ئێستاو ئێستا نەمدیتەوە.. مەمک! نا نا هەر هێندەی لیٚ دەزانم له سەر سینگی ژنان و له بن کراسیٚ دوو شتی خڕی بڵند هەن ناویان مەمکه، قەت و قەت نه به رووتی نه بەکراسەوە دەستم پێیان نەکەوتووەو هەمیشه خۆزگەم بەو گۆرانییه خواستییه که دەڵیٚ (( پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینه)).. ناو گەڵی ژن له کنه من داخراوترین دوورگەیه له خەونیشدا به تەواوی رێم پێی نەکەوتووە، تەلیسمێکه له تەمەنی باخۆشییەوە شەوو رۆژ بیری لێدەکەمەوە، هیچ کتێبێک ئەو تەلیسمەی بۆ نەشکاندووم..من له بیٚ شەرمیی ئەو پیاوانه تک تک ئارەقه دەکەم که زاخ دەکەن خۆ باوێنه ناو گەڵی ژنەوە.. گەیشتنه بن رەشماڵەکه.. ناوێرم سەر بەرز بکەمەوە.. له سەر ئەوەم دوعا بخوێنم، دوعای له ژن دوورکەوتنەوە....

- هات کوڕینه هات...

بەختیار به دەنگیٚ هاواری کرد بەردبشی به ئاگا دێنا، هەمووومان هەستاینەوەو به ئاراستەی دەستی درێژکراوەی بەختیاردا چاومان هەڵخست.. دیتمان رەشاییەک که هەر هێندەی گلۆله مووەک دیاره بەرەو لامان دیٚ ناوه ناوه له بەفردا بزر دەبیٚ و دیار دەکەوێتەوە.. به دووربین رۆنیمانیٚ.. یەک گۆتی بزنه.. نا هێستره.. ئەمن دەلێم گورگه، وەڵا بەشەره.. پاش کەمێک له هەموو چاوەکاندا بووه بەشەر.. ژنه.. نا پیاوه... من یەکسەر گۆتم ژنه

- کو دەزانی؟
- رۆیشتنی ژن دەناسمەوە
- قسەیتی ژنەو ئەگەر ئەمن بەختیاربم دەشیناسمەوە
- هێشتا دیار نیه ژنه یان پیاو بەچی دەیناسییەوە!

- ئەمن دەڵێم ئایشە گوڵە.. ئەگەر هەو نەبوو ئەو گوێیەی خۆم دەبڕم، هەوە کاکە، کۆڵەکی گەلەک گەورەشی بە پشتێوەیە.. وامن دەچم لێی وەردەگرم..

بەختیار غاری داو لە ناو بەفریٚ تۆزی دەکرد...ئەمن و فاتیمەش بەرەو پیری رۆیشتین... هەو بوو ئایشە گولٚ بوو... یەک یەک بە ناوەوە هەموومانی ناسییەوە.. دوو بەرانپیلی پڕاو پڕ نانی پێبوو، ئایشەگولٚ شەکرو چای هێنا، ئایشەگولٚ خویٚ و سەلکە پیازی هێنا، ئایشە گولٚ قەسپ و پەنیری هێنا، کاکلە گوێزی هێنا، تاخم تراش و نینۆکبڕو نەینۆک و موکێشی هێنا.. ئایشەگولٚ ژنێکی بە تەمەنە بەلاٚم روومەتە سوورو سپییەکانی لە کاتی لاویدا چۆن بوون هەر ئاوا ماونەتەوەو جیٚ پەنجەی تەمەنیان ویٚ نەکەوتووە.. ئایشە گولٚ لە ئێمە شپرزەتر، دەتگوت درەختە زریان هەڵیگرتوو، ئێمە لە ئایشە گولٚ تاساوتر هیچ تاساوێک نەبوو لە مە تاساوتر.. بەلاٚم لە هونەری بە سەرخۆنەهێنان و جێکردنەوەی شپرزەیی لە شاراوەییدا، ئایشە گولٚ گرەوی لە هەموو کەسێک بردبۆوە.. بە دیار بەفرو ئاگرەوە، بابۆڵەی پڕ قەسپمان لوولدەدا.. ئایشە گوڵیش دەتگوت میلی کاتژمێرە بە دەورماندا دەسووڕایەوەو بە دەنگی دایکانە (( دەی بخۆن کوڕەکانم نان بخۆن، بخۆ کچە تاقانەکەم بخۆ)).. لە تاساویدا تێر نان و قەسپ بووین.. هەر بە تاساوی سەرو بنە مەتارەیەک چاشمان لە سەر کرد، ئایشە گولٚ هەر دەسووڕایەوە، جگەرەی دووەمیشم داگیرساند، ئایشە گولٚ هەر دەسووڕایەوە...

- بەس پێمان بلٚیٚ چۆن گەیشتییە ئێرە! چۆن زانیت ئێمە لێرەین؟

ئەوە جاری یەکەمە م. بایز ببینم، بەو تامەزرۆییەوە پرسیار بکاو بۆ رژانی چۆرە وەلاٚمیٚ گیانی خۆی والاٚ بکات.. کەچی دەبینم ئایشە گولٚ لە سووڕانەوە کەوت، کەوتنیٚ پشت لە ئێمەو روو لە چۆلەوانی، ئەوە جاری یەکەمیشە لە تەمەنی پڕ لە میهرەبانیی ئایشەگوڵدا پشت لە کوڕەکانی بکاو بە دەنگیٚ کە کەمیٚ بە لای تووڕەییدا دەشکێتەوە

- کەس پرسیارم لێنەکات، وەلاٚمی کەس کەس نادەمەوە، کوڕە جوانەکانم ئیدی پرسیارم لێمەکەن..

بە تاساوی سەیری یەکترمان کردو لە چاوی هەر یەکەمان درەختیٚ لە پرسیار روا... من هەر هێندەم پێکرا بە هەر دە پەنجە چاوەکان هەڵپشێوم، دەمویست بزانم ئەوە خەوە زیندە خەوە!.... هاتنی ئایشە گولٚ لە پەڕجوو دەچوو، بە دوو بەرانپیلی گەورەی پڕ خواردنەوە چی گەیاندییە ئێرە! گریمان بە هەر فێڵێک بوو خۆی لە چاوی ئەنفال شاردەوە، ئەدی چۆن لە زریانی قەندیل دەرچووە! رەنگە ئەوەش بۆ ئایشە گولٚ ئەستەم نەبێت، ئەدی کو رێی بە رێی ئێمە کەوتەوە! دەزانم ئایشە گولٚ شونهەلگرترین ژنی دنیاییێە، بەلاٚم ئەو رێیەی بنی لە لای ئێمەیەو سەری لە لای ئەو بوو، لە نێوانماندا بەفر حەفتا جار گۆڕیتی و نوێی کردۆتەوە، نە خواوەند نە شەیتان شوێنپێی مە نابیننەوە...

- دایە گیان چ بووە بۆ پرسیار نەکەین؟!

- ئەوەش هەر پرسیارە...لۆوەی رەزاتان لە کنە من گران نەبێت پرسیاری هیچم لیٚ مەکەن، بەلاشە بە گۆڕی هەردوو کوڕەکەم وەلامی چ پرسیارەک نادەمەوە، ئەو دوو کوڕە

جوانه مەرگەم لە گۆڕیٚ هەستنەوەو پرسیارم لیٚ بکەن، هەر پرسیارەک، وەلاٚمیان نادەمەوە، ئەنگۆش کوڕی منن، ئەو کچە چاو رەشەش تاقانە کچی منە، بە خۆتان دەزانن هەموو پیٚشمەرگەک کوڕو کچی منن.. نا پرسیار مەکەن وەلاٚم نادەمەوە..

- کوڕەکەی دیکەشت؟!
- گۆتم پرسیار مەکەن _ دەستی بە گریان کرد_ بە سە پرسیار بەسە

فاتیمە چوو دەستی لە ملی کردو فرمیٚسکەکانی بۆ دەسڕییەوە.. هەموومان دەورمان دا، لە ئاگرەکەمان نزیک کردەوە، بە بیٚ دەنگی تیٚیرامایین، لەگەڵ وی هۆن هۆن فرمیٚسکمان رشت، نەماندەزانی بۆچی دەگرین..

- بەس مەگرییٚ، شەرت بیٚت هیچ پرسیارەکەت لیٚ نەکەین

فرمیٚسکی گەشی سەر گۆنا ئالەکانی ئایشە گوڵ، دلۆپ دلۆپ دلۆپی گومان بوون دەڕژانە گیانی منەوە، گومان لە خودی ئایشە گوڵ... ئەو ئایشە گوڵەی من دەمناسی، نابیٚت ئەو ئایشە گوڵە بیٚت، بەو دەچیٚ و بڕوام نیە هەو بیٚت.. من ئایشە گولیٚکم دەناسی، لەو دنیایە کەس کەس نە ژن نە پیاو هیٚندەی وی سەرڕیٚژ نە بوون لە ئارامی، نا ئایشە گوڵەکەی من نیە، ئەگەر هەوە، سەوزایی ئەو هەموو ئارامییە، بە چ بایەکی ناوەختە هەڵوەری! چ پیٚیەک ئەو هەموو گەلا سەوزەی کردە پیٚخوست! ئەو ئایشە گوڵەی من دەیناسم قەت پشتی لە کوڕەکانی نەکردووە، نەمدیتووەو نەمبیستووە لە پرسیاری کوڕەکانی تووڕە بیٚ و وەلاٚمیان نەداتەوە.. ئەوە کەی ئەو ئایشە گوڵەیە کە بە مەنجەڵیٚ یاپراخی کۆییانەوە بە پیٚی با بە باواجیدا هەڵدەگەڕاو بە دیوی پیٚشمەرگەدا بە پیٚی ئاو شۆڕ دەبۆوەو، بە پیٚکەنینی فریشتەیی یاپراخی قلٚپی سەر سینییەک دەکردەوەو ئیٚمەش وەک هەتیوەکانی خوا دەڕژاینە سەر سینییەوە، لە ئیٚمەوە خواردن و لەویشەوە گیٚڕانەوەی قسەی خۆش.. لە بیرمە تامی یاپراخ و تامی قسەکانی لە خۆشیدا پیٚشبڕکیٚیان دەکرد... من زووتر ئایشە گولیٚکم دەناسی ، ئایشە گولیٚکم ناسیبوو، هەمیشە بەرکی کەواکەی پڕ پڕ بوو لە پارچە کاخەزی پیٚچراو، پارچە کاخەزەکان لە تلیاک پتر سەرمەستییان دەپژاند.. ئایشە گوڵ بە بەرکی پڕ مەستییەوە، شاخەو شاخ، شاخەو شار، شارەو شاخ، شارەو شار، دەهاتو دەچوو.. لە هاتندا ئارام لە چووندا ئارامتر، کەس نەیدتووەو نەبیستووە جاریٚ لە جاران لە بازگەیەکی ئەنفالیشدا، تۆزە شپرزەییەک بنیشیٚتە سیمایەوە... ئەو ژنە بالا بەرزە سوورو سپییە چاو خومارە بە تەمەنەی وا بە دیار بەفرو ئاگرەوە ریز ریز فرمیٚسکان دەباریٚنیٚ ، فرمیٚسکیٚ گڕ لە بەفر بەردەداو ئاگر لە گڕ دەخات، تەنیٚ لە سیمادا ئایشە گوڵەکەی ئەو دەمانیٚیە... ئایشە گولی ئەودەمانیٚ هەوری ناوادەی هیچ کۆستیٚ چاوە گەشەکانی تەڕ نەدەکرد، رەشەبای هیچ وەشوومەیەک قەلپیٚکی گریانی پیٚ نەداوە، من گویٚم لیٚبوو کاتیٚ هەوالی مەرگی کوڕە کچکەلانەکەیان دایێ، دیتم ئەو دەمانەی گۆڕیٚکی لاتەریکیان نیشانداو پیٚیان گۆت ئەوەتە کوڕەکەت، ئەو ساتانە تیچاویٚکم لە ئایشە گوڵ بوو، نە گویٚم لە دەنگی گریانی بوو نە لە سەر گۆناکانی ریزە فرمیٚسکم دیت، لەویٚ ئەوەی گویٚم لیٚبوو، سەردوولکەییٚ بوو لە سەر ریتمی مارشی پیٚشمەرگە، درەنگتر بووە مارش:

هەر کەسانەکی کوڕە گچکەلانەکەی من نەدیتییەو ناناسی
ئەوەتانێ کلاشینکۆفەکی لە شانییە
لە سەر شانی فیشەکەک دیارەو
حەفت مەخزەنی پڕیشی بەسستییە
ئەوتانێ کوڕە گچکەلانەکەی من سواری پشتی هەور بووەو
جلەوی رەشەباو زریانی لە دەستییە
وەیلێ وەیلێ.. کوڕی دایەی وەیلێ
هەر کەسانەکی کوڕی من ناناستەوە
ئەوەتانێ لە بن هەر بەردەکی لە تەنیشت هەر گوڵەکی
دانیشتییە، راوەستایە.. لە دوورەوە دیارە
لە ناو زستانی کەسک دەچێتەوە، کوڕی من بەهارە
بناسنەوە کوڕی من بناسنەوە
لە ناو هەموو شەڕەکی گەورە کوڕی من بەشدارە
گەلی خەلکینە ئەنگۆ بزانن خەمێ من لەوەی نیە
کوڕە گچەکەلانەکەم لە ناو ئەو گۆڕە نووستییەو
جارەکی دی بە دەنگی ناسکی بانگم ناکا دایە
ئەمن حەیفم لەوەی دێ
گوللەی دیلەکی گەلەک نامەرد لە دڵی کوڕی من دایە
( مارشی پێشمەرگە)

چەندی سەر دێنم و سەر دەبەم، ئایشە گوڵی دەرەوەی ئاقاری قەندیل و ئەو ئایشە گوڵە قەندیلییە لە ژنێکدا تێک ناکەنەوە، دوو ژنی تەواو پێکدی نائاشنا، دوو ئایشەن رەنگە قەت نە لە کۆلانێ نە لە زیندانێ بە تەنیشت یەکەوە دانەنیشتبن و هەرگیز دڵی خۆیان بۆ یەکدی نەکردبێتەوە.. دوو گوڵن هەر یەکەیان لە وەرزێکدا پشکوتنە، لە بۆندا خزمی یەکدی نابنەوە.... ئایشە گوڵ گریانێ دەگریێ، قەندیل لە هەموو قەندیلایەتی خۆی گوێی لە گریانی وا بە کوڵ نەبووە..بڕواننە فرمێسکە بارانییەکانی ئایشە گوڵ، بە سەر بەفردا جۆگەلەیان بەستووە، دەڵێی فرمێسکی ژنانی دنیا لە چاوی ئایشە گوڵەوە دەڕژێ.. ئەو ئایشە گوڵەی من دەمناسی، تەنها لەو ساتانەی پێکەنین دەیگرت و بەرینەدەدا، جاروبار کەمێک تەڕایی دەکەوتە چاوەکانییەوە، ئایشە گوڵی قەندیل تەڕ تەڕ، تەڕایی چاوەکانی هەموومانی تەڕکرد، قەندیلی لە تەڕایی چاوەکانی هەڵکێشا، تەڕاییەک بە هیچ ئاگرێ وشک نابێتەوە... من دەمێک بوو دڵم پڕ گریان بوو، دەمێک بوو

لێواو لێو بووم لە فرمێسک، بە دوای پەنجەی بەهانەیەکدا دەگەڕام بێ و بمشکێنێ، بێ و جۆگەیەکی بەردانم لێ بکاتەوە، ئایشە گوڵی هەمیشە فریادرەس، گەیشتێ و وەک بەفری سەر ئاگر تواندمییەوەو بە کردنەوەی جۆگەی ڕژان، چاوەکانمی لە شەرم و بێ بەهانەیی ئازاد کرد.. هەرچی فرمێسکی تەمەن هەیە بێ پسانەوە چۆڕاوگەیان بە ستووەو بوار بە پەڕینەوە⁕ هەنجەتێ نادەن، ئەو ڕۆندکانەی دەبوو زووتر بڕژێن، دەبوو لەو جێگایانە بڕژێن کە تینووی تەڕایی بوون، تەڕایی ڕۆندک، دەبوو بە پساوەیی بڕژێن، دەبوو بەسەر بەردا بڕژێن، بەسەر گوڵدا بڕژێن، بە سەر ئاوو ئاگرو خۆڵ و بادا بڕژێن، دەبو لە بەر باران و بن ڕەشماڵ و بە دیار گۆڕو شایییەوە بڕژێن، دەبوایە چاوی من لە هەموو ئەو ساتانە فرمێسکی بڕژاندایە کە زادەی فرمێسک بوون... ئێستا ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیە، تۆڵەکردنەوە لە هەموو ئەو ساتانەی بێ ئەوەی دڵۆپێ فرمێسکیان بەربکەوێ و بێ ئەوەی باڵیان لە تەڕاییەکی چاو بخشێ، بە سانایی تێپەڕین و لە دەستچوون، ئێستا ساتەوەختی تۆڵەکردنەوەیە لە تەمەنێ کە بە وشکی و دوور لە تەڕایی چاو تەمەنی کردو بە هەدەر چوو.. بە هەدەر چوونە تەمەنی بێ فرمێسک، ئەوە لە قەندیلەوە فێر بووم، لە ئایشە گوڵی قەندیلییەوە فێر بووم... چ چێژێکی خوداییە چێژی گریان، گریانێ نەزانی لە کوێوە دێ، گریانێ نەزانی لە چ واتایەکەوە دەڕژێ و دەڕژێتە چ واتایەکەوە.. من نەۆ ژیان لە تەڕایی چاوەوە تام دەکەم، تامێ خوداوەندیش تامی وای نەکردووە.. چ حاڵگرتنێکە حاڵی گریان، زەردەشتیش بە دەوری ئاگرا ئەو حاڵەی نەگرتووە، ئایشە گوڵ لە گریاندا شێخی تەریقەتێکە، بە ڕیگەی هیچ ئایینێ ناگاتەوە، بڕواننە موریدانی گریان، چ حەلقە بە ستنێکە بە دەوری ئایشە گوڵی شێخ، جەنگاوەران لە چ زیکرێکی فرمێسکدان.. ئەوەتا بەفر لە واتادا سپی بۆوە، سپێتییەک بۆ خاتری هەوریش لە سپێتیی بەفر ناکاتەوە، ئەوەتا ئاگر لە واتادا زەرد زەرد هەڵگەڕا، زەردییەک بۆ دڵنەشکاندنی زەردەشتیش، خزمی ئاگر نابێتەوە.. واتا کلو کلو لە گریاندا دەتوێتەوە، واتا بلێسە بلێسە لە گریاندا دەکوژێتەوە... ئەی خوداوەندی فرمێسک، ماندوێتی لە هێزی گریان بسێنەوە، تا لە تواندا هەیە هێزی گریان، پترو پتر هێزی گریان، ئەو تەمەنە وشکە بیابانێکە گیانی بۆ دەریایەک فرمێسک کردۆتەوە.. خوداوەندی هەمیشە تەڕ، لە بەر خاتری ئایشە گوڵ ژنانە ڕەفتار بکەو لە فرمێسک وشکمان مەکەوە با هەر تەڕ بین....

- من دەبێ بڕۆم .. بە جێتان دێڵم.. کەسیش پرسیار نەکات بۆ..

ئایشە گوڵ بە چاو سڕینەوە، وشە ڕۆیشتنییەکانی لە لێو بەر دەبۆوە.. ئەو وشانە نەبان بەری فرمێسک بە خوداوەندیش نەدەگیراو چاوەکان تا ڕۆژی حەشر فرمێسکیان دەڕژاند.. چاوەکان یەک لە دوای یەک لە ڕیزی وشکبوونەوە وەستان... وا بزانم چاوەکانی من دوا چاو بوون، دەسبەرداری دوا دڵۆپی تەڕایی بن.. چاوەکان سوور سوور هەڵگەڕابوون لە ڕوومەتەکانی ئایشە گوڵیش سوورتر، لە سوورایی چاوەکانەوە تەنهاو تەنها پرسیار دەبینرا، پرسیاری ترسناک، ترسناکتر لە ترسناکیی قەندیل..بەڵام ئایشە گوڵ ئامادە نەبوو سەیری چاوەکان بکات

- ئا من دەڕۆم، کچە جوانەکەم من دەڕۆم، کوڕەکانم من دەڕۆم.. خەمتان نەبێت نایەڵم برسی بن، بە ڕێی ئاگریشدا بێت، دێم و نانتان دەگەیەنمێ.. بەس ئێوە قەندیلی چۆلنەکەن،

بە جێی مەهێڵن و خیانەتی لێ مەکەن، ئەنگۆ بە قەندیلەوە پیاون، بە قەندیلەوە کوڕو کچی منن.. بە جێی بێڵن حاشاتان لێدەکەم وەک چۆن حاشام لە وانی دی کرد..ئەنگۆ بە خۆشتان دەزانن، هیچ ڕێگەیەکی دەرچوون نەمایە، لە هەر ڕێگایەکی دەربچن وەکی خۆتان نامێننەوە، دەبنە شتەکی دی، پێشمەرگە بە قەندیلەوە پێشمەرگەیە، پیرۆزە، پێ لە ئاقاری قەندیل ببەنە دەرێ، ئەو ناوەتان نامێنێ، لە پیرۆزی دەشورێن، ئا بە دەستی خۆم لەو ناوەی ڕووتتان دەکەمەوە، بە دەستی خۆم بە چڵکاوی دەتانشۆم و ناهێڵم پشکەک پیرۆزیتان لە گیانتان بمێنێ..

- نامانەوێ لێرە بمێنینەوە، بێزار بووین دەمرین، دایکە جوانەکەمان، ڕێی دەرچوونمان نیشانبدە..پێویستمان بە تۆیە.. دە پێمان بڵێ ئەتو کو گەیشتییە ئێرە، کو دەڕۆیتەوە، دەچیەوە کوێ؟ پرسیارمان زۆرە گوڵەکەی هەموومان، بەزەییت پێماندا بێتەوە..

- پرسیار مەکە کوڕە بالا بەرزە چاوو برۆ ڕەشەکەم، لە پرسیاران بێزار بووم.. وەڵامی کەس کەس نادەمەوە.. ئەمن دەڕۆم، ئەنگۆ دەبێت لێرە بن، بە پیرۆزی بمێننەوە... دنیا هەمووی بووە جاش، کوڕەکانم ئەنگۆ مەبنە جاش.. دنیا هەمووی بووە بازرگان، ئەنگۆ مەبنێ، لۆ خواتان پێ دەڵێم لێرە بمێننەوە، ئەنگۆ ناسرانە وەکو من نینە، وەکو ئەوانی دی نینە، ئەنگۆ هەر هێندە نین، زۆرن قەندیل ورد بگەڕێن، بیانبیننەوە، ئەمن وەختم نیە دەنا دەیانبینمەوە...درەنگمە دەبێت زوو بیانگەمێ و پێیان بڵێم قەندیل چۆلەوانی نیە، ئاوەدانە وەک جاران ئاوەدانە، پێیان دەڵێم کچ و کوڕەکانم سەنگەریان گرتووەو چۆلی ناکەن، قەت قەت چۆلی ناکەن.. کە ئەو خەبەرم دانێ، ئەو خەلکە خەنی دەبن، لە خۆشیا شایی دەکەن... بە جاشەکانیش دەڵێم کوڕو کچەکانم بەفرن و بە قەندیلەوە، وەرزەکان دێن و دەڕۆن، ئەوان هەر بە قەندیلەوەن و لێی نابنەوە، ئا بە جاشە ڕووڕەشەکان دەڵێم ئەنگۆ بە ڕووڕەشی دێن و دەڕۆن، کوڕەکانم کچەکانم بە ڕوو سپێتی لە بەرزایی قەندیل دەمێننەوەو تا دنیا دنیایە ناتوێنەوە... دەبێ زوو بڕۆم نامەیەکی کراوە لۆ ئەنفال دەنووسم، بە دارو دیوارا هەڵیدەواسم، پێی دەڵێم بە ئەنفال دەڵێم قەندیلییەکان بەردەوام دەبن لە شەڕی تۆ، هەتا نەتتۆپێنن، دەست لە شەڕی هەڵناگرن..ڕاستەو ڕاست دەڵێمە ئەنفالی ئەتو قەت و قەت دەستت ناگاتە کچ و کوڕە قەندلییەکان، ئەتو ئەگەر خۆت بکەیتە (با)ش کچ و کوڕەکانی من نابینییەوە... لێمگەڕێن پرسیار مەکەن هەندەک قسەی دیم ماوە بیکەم، هەر پرسیارەکی بکەن، هیچ قسەی دی ناکەم دەڕۆم.... ئەنگۆ ئەگەر بێنەوە..

- ئێمە نایەنەوە نا بەڵام شوێنەک* دیمان نیشانبدە..

- ئەمن خوا حافیز.. لە قسەی من دەردەچن

- باشە باش هیچ قسەی دی ناکەین، قسەکانت تەواو بکە

- باش بوو لە بیرم نەچوو، ئەها لەو چالاّییە، کۆلکە دار زۆرن، ساڵەکی بەشی ساڵەکی ئاگرکردنەوە، کۆلکە دارمان لە بنی دنیایێ هێناو لێرە لە بن عەردیمان شاردەوە، بگەڕێن دەیبیننەوە... بێجگە لە داری شتی دیکەشی لێیە بەس لە بیرم نیە چ بوون، نازانم

تێکچوونە یان نا...... بە سەری هەمووتان ئەوە دوا جارە هەر پرسیارەکی دیم لیٚ بکەن، یان قسەم پیٚ ببڕن، دەڕۆم و گوێتان لە دەنگی من نابێتەوە... ئەنگۆ لێرە بن و مێنەوە، ئەگەر بێنەوە، دەبێت وەکی حیزان لە ماڵی دانیشن، یان ببنە جاش، بێنەوە، خوێڕیتان دەکەن، دەبیٚ لە ڕێی قاحپەخانەی موسلیٚ تەمەن ببەنە سەری، ئەتوش کچە قارەمانەکەم، دەتبەنە قاحپەخانەی بەغدایی، لەویٚ پرچی سپی دەهۆنییەوە... ئەمن دەبێت بڕۆم، درەنگمە، ئێستا لەویٚ باران دەباریٚ، کوڕەکانم تەڕ دەبن دەبێت گۆڕەکانیان بپەستمەوە، بن ئاو دەکەون، دەبێت لە دەوری گۆڕەکانیان، جۆگەلەی ئاو هەڵبەستم..قەت لۆیان نەگریامە، تامی فرمێسکی دایکیان نەکردووە، دەبێت لە وەرزی نەبارینا، بەسەر گۆڕەکانیان بباریٚم.. ئەنگۆش کوڕو کچی منن لە بەر ئێوەش دەچمەوە، دەبێت بڕۆم و تەشتەک نانی گەورەتان لۆ بکەم، یاپراختان لۆ بپێچمەوە، گوێزتان لۆ بشکێنم، خورماو قەسپی بەسراتان لۆ پەیدا بکەم، دەبێت بڕۆم گوێزتان لۆ بشکێنم و لە ناو توورەگەی بکەم، ئەو جارە خواردنی گەلەک خۆشتان لۆ دێنم، بەس جاریٚ پێتان ناڵێم چیە... ئا لە بیر ناکەم سەرو دەستە جلکی جوان جوانتان لۆ دێنم، پێڵاوی بە دڵی خۆتان لۆ دێنم ... دەبیٚ بڕۆم زۆر درەنگە، لەیلە زانا لە زیندانیٚ چاوەڕیٚم دەکات، دەبێت هەندەک شتی لۆ ببەم، درەنگمە زۆر درەنگمە، برینەکەی قاسملو زۆر تەشەنەی کردووە، هەتا زووە دەبێت هەندەک داوو دەرمانی لۆ پەیدا بکەم.. چەندی زوو بڕۆم درەنگە پیرەمێردەکەی کونە کۆتر چاوەڕیٚمە، ئەنگۆ نازانن چەند ماندییە چەند تینە، بە بەرانپیلیش بێت دەبێت هەندەک ئاوی بگەیێنمیٚ... دەی ئەمن گەلەکم درەنگە، با یەک یەکەتان ماچ بکەم، بەڵام خەمتان نەبیٚ زوو دەگەڕیٚمەوە....ئۆی وەخت بوو لە بیرم بچێتەوە، بە خۆشتان دەزانن هەموو ڕێگاکانی قەندیل گیرانە، هیچ ڕێیەکی لیٚ نابێتەوە، هیچ ڕێیەکیش تیٚی ناکاتەوە، هەیەو نیە سیٚ ڕیٚ هەیە، یەکیان دەچێتەوە بەغداییٚ لەوێشەوە دەگاتەوە شامیٚ، دووەم ڕاست و ڕاست لە تارانیٚ دەکاتەوە، ڕێیەکەی دیکەش بەرەو لای تورانیٚ دەکشیٚ.. ئا بە مەستوورەی بڵێن، نەکا خۆی لە هیچ لەو ڕێگایانە بدا، برایەکانی بە نۆبە لۆی لە بۆسەدان، هەر بیبینن دەیکوژن، نەڵیٚ نامناسنەوە باشی دەناسنەوە، بە خودای ئەنگۆش دەناسنەوە، ئەنگۆش دەکوژن، ئەوجا نەکەن خۆتان لەو ڕێیانە بدەن، هەتا هەتاییٚ هەر لە قەندیل بمێننەوە... چیدی قسە ناکەم زۆر درەنگە.. چتان پێویستە شەرمیٚ مەکەن بیڵێن زوو لۆتان دێنم.. دەڕۆم درەنگە..کەرە جوانەکەم لەویٚ لە پەنای سیٚ بەردان شاردیتەوە، دەبیٚ بیگەمیٚ نەوەک ئەنفال بیبات، ئەنگۆ نازانن ئەنفال کەریش دەدزیٚ، پیٚم گۆتییە خۆی ئاشکرا نەکات، پیٚمگۆت هەرچی دیت و بوو نەکەی بزەڕی دەنا ئەنفال بە ڕێی زەڕینا دەتگاتیٚ و دەتبات، پیٚمگۆتییە ئەگەر مێشیش پێوەی دای پیٚ لە عەردی نەکوتی، کلکان زۆر ڕانەوەشێنی، ئەنفال چاوی تیژە، گوێی سووکە، لە دوورەوە دەنگی پێی کەر دەناستەوە، لە دوورەوە کلکی کەریٚ دەناستەوە، ئا دەبیٚ بگەمە کەرە جوانەکەم ئەو کەرەی ئەمن و ئەنگۆش قەرداری ئەون ئەگەر ئەو نەبا ئەمن لەو دوورەوە بە دوو بەرانپیل نانەوە کو

**دەگەیشتمە ئاقاری قەندیلی! دەبێ بیگەمێ و زۆر سوپاسی بکەم.. کوڕەکانم ئەنگۆ یەک هەڵەتان کرد قەت نەدەبوو بیکەن، من چاوەڕێی هەڵەی ئەوها نەبووم لە کوڕەکانم، هەڵەتان کرد ئەو هەموو هێسترە ناسکو نازدارانەتان کو تەسلیم بە ئەنفال کرد! ئەنگۆ بە هێسترەوە پیاون، لە دنیایێ بەس هێستر چاکەی بە سەرتانەوە هەیە، ئەمن دایکتانم بەڵام هیچ چاکەیەگم بە سەرتانەوە نیە، کو دڵتان هات، بیاندەنە دەستی ئەنفال! ئەو هێسترانە دەزانن چەند پیرۆزن، بە خودای سمەکی هێستری سەری بابی بابی ئەنفالی دێنێ........**

**ئایشە گوڵ شێتانە پەلاماری داین و یەکە یەکەمانی ماچ دەکرد، بە چاو بە یەکترمان دەگوت دەبێت بە راستی بێت و بڕوات، بە یەکترمان دەگوت، بە راستی ئایشە گوڵ دەستی لێوەشاوەو تێکچووە، بە چاو بە یەکترمان دەگوت، دەبێت ئەوە ئایشە گوڵ بێت! یان شتێکی دی...**

- **ئێ خوا حافیز**

**خوا حافیزییەکەی ئایشە گوڵ پۆلاشی هێنایە قسە:**

- **نا مەڕۆ قسەمان زۆرە، پرسیارمان زۆرە، پێمانبڵێ بۆچی رادیۆ قسە ناکات! رێی جاسووسان و دۆڵە کۆگە لە کوێیە! دنیا چ باسە؟...**

**لە سەر رۆیشتن ئایشە گوڵ بە دەنگێ کە هەر لە قورگی ئایشە گوڵەوە دەنگی وا بیسترا، گۆرانییەکی چڕی و یەکسەر بووە کۆپلەیەک لە مارشی پێشمەرگە:**

**چاوم پڕ پڕە لە خەو**
**باوەشێ نیە لە خەوم بگرێ**
**تەمەنێکە بە دیار منداڵەوە**
**بە دەم لایلایەوە**
**نەمخەواندوون و نەخەوتووم**
**درەنگمە رۆژ لە ئاوابوونە**
**درەنگمە کات لە بەسەر چوونە**
**ئەمشەو لە نێوان دوو گۆڕدا**
**لە نێوان گۆڕی پڕ نووردا**
**دەبێ وەک کوڕەکانم رابکشێم**
**تا هێندەی خەونی کوڕی گەورەم**
**بە قەت بەژنی کوڕی گچکەم**
**ساڵ ساڵ خەون نەچنمەوە**
**بڕیارێکەو نابێ بە ئاگا بێم**

**( مارشی پێشمەرگە)**

خواحافیزی کردو بە هەڵاتن هەڵات، هەڵاتنێ بە منداڵیش هەڵاتنی وای نەکردووە.. هەمووما کەوتینە دوای، دیتمان دەمانچەی دەرهێنا، تا ئەوساتە نەمانزانیبوو دەمانچەی پێیە

- بێنە پێش دەتانکوژم، بە قسەم بکەن بگەڕێنەوە، با کوڕەکانی خۆم بە دەستی خۆم نەکوژم...

هەلوەستەکمان کرد، ترساین، قسەکەی هەڕەشەی تەواو بوو، چ گالتەمان تێیدا نەدیتەوە، کەچی هەر چووینە پێش...تەپە هات، تەپە بوو زرمە بوو، هات.. گوللە رێکاو رێک بۆ م.شێرزاد هات.. هەموومان غارمان دایێ

- چ نیە.. پێمنەکەوت

تەماشا دەکەین، نازانم بە هەڵە بوو یان راستی، گوللە بە ناو لاقیدا رۆیشتووەو شەرواڵی کوناوەر کردووە.. ئیدی نەوێراین چیدی بە دووی ئایشە گوڵی گوللە هاوێژ بکەوین.. رۆیشتنی ئایشە گوڵ سەرەتای هاتنی زریانێ بوو، زریانێ ئاشنا بە رێبوارانی قەندیل و نائاشتا بە هەموو دنیا... ئایشە گوڵ تەواوێ دوور کەوتبۆوە، لە قسە نەدەکەوت

- بۆ خواتان پێدەڵێم، کچ و کوڕە ئەزیزەکانم، بێنە دووم، ئەوجارە بە قەستی کوشتن تەقەی دەکەم.. دەی هەتا گوێم لە دەنگتانە، هەر شتەکتان دەوێ، داوابکەن، بە سەر چاوان لۆتان دەینم

من پڕ بە دەنگ هاوارم کرد: بەس شمشاڵێکم بۆ بێنە، چیدیم ناوێ.. فاتیمە بە دەنگە فاتیمەییەکەیەوە: هەواڵ هەواڵی دایکم..... م. شێرزاد هەڵیدایێ: راوەستە قەسەکی نهێنیم پێیە، هی گیڤارایە بۆ خارە خولە.. راوەستە توخوا راوەستە، قەینا ئەوجارە بە قەستی کوشتن تێمبگرە بەس راوەستەو ئەو راسپاردەیە بگەیەنە خارە خولە...

ئایشە گوڵ تەواو دوور کەوتبۆوەو دەنگی وەک زەنگولە دەزرینگایەوە

- سەلام لە خارە خولە بکەن.. سەلام لە مەستوورەو نەبەزو هەڤال خەجۆ بکەن... سەلام...

زریان هەلیکردو.. دەنگی ئایشە گوڵ زریانی دەبڕی، بەڵام واتای وشەکانی لە زریاندا دەتوانەوە... ئایشە گوڵ هەڵات بە ناو زریادا هەڵات..لە دەنگدانەوەدا هەڵدەهات.. ئێستاش دەنگی ئایشە گوڵ لە گوێمدا دەزرینگێتەوە... زریان لوولی داین و فرێیداینە دیوەخانەوە.. چووینە باوەشی یەکترەوە... هەموو بێدەنگ لە پۆلا بێدەنگتر.. هەموو تووڕە، لە ئایشە گوڵ تووڕەتر... حەوت بێدەنگی سەریان بە کۆشی یەکدی کردبوو.. حەوت تووڕەیی ئاوێزانی یەکتر ببوون...حەوت مینی چێنراو بووین لە بن زمانی یەکتردا، حەوت ترسنۆکی تاساو بووین، کەس ئەو زاخەی نەبوو کەسی دی بتەقێنێتەوە، حەوت دوژمنداری دوژمن نادیار بووین، زریان لە دیوەخانی شەیتان کۆیکردبووینەوە... زریان ئایشە گوڵی هەڵگرت و بردی.. زریان ئێمەی لێرە داکوتاو لغاوی کردین.. ئایشە گوڵ دەستی زریان لە دەستاو چوو.. ئایشە گوڵ رۆیشت و کۆمەڵێ رستەی بە دیار ئاگرو گابەردەوەو جێهێشت.. کۆمەڵێ رستەی وشە وشە قەندیلی.. ئەوەتا رستە رستە بە زریانا

پەرتیان دەکەین، چۆڕیٚ واتایان لیٚناچۆڕیٚ.. رستە رستە بە دیار ئاگرەوە رایاندەخەین، هەڵمی سووکە واتایەکیان لیٚهەڵناستیٚ..ئایشە گوڵە قەندیلییەکە ئالۆزیەکی ئالۆزتری خستە تیٚگەیشتنەوە... ئایشە گوڵە قەندیلییەکە ژنیٚکە لە زریان شیٚتتر، ئالۆزتر، لە ئەنفال ئالۆزتر، شیٚتتر...حەوت منداڵین لە ماڵیٚکی گەمژەیی، دایکمان بە زمانیٚکی ئالۆز قسە دەکات.. بە زمانیٚ قسەی کرد، زمانی هەراشان بوو.. زمانیٚ بوو لە زمانی دایک نەدەچوو، ئایشە گوڵە قەندیلییەکە ئایشە گوڵی جاران نەبوو، تەمەنی منداڵە گەمژەکانی لە بەر چاو نەگرت....

- من چ سەرەدەریم لە قسەکانی ئایشە گوڵ دەرنەکرد
- من گومانم هەیە ئەو ژنە ئایشە گوڵ بیٚت
- نا، هەو بوو بەڵام ئەنفال شیٚتی کردووەو قسان هەڵدەبزڕکیٚنیٚ
- نەدەبوو ریٚی رۆیشتنمان دابا
- کو! یان دەبوو بیکوژین یان بمانکوژیٚ!
- ئایشە گوڵ بوو، لە قسەکانیدا زۆر راستیی درکاند
- کوا! وەک چی؟
- ئەدی نەیگۆت ئەوانی دیکەش لە قەندیلن، چوزانم زۆر قسەی دی..
- ترحیٚو..
- من قەت بڕواناکەم ئەو ژنە ئایشە گوڵەکەی خۆمان بیٚت، دڵنیام یان جندۆکەیە یان جاسووسەو ئەنفال ناردوویەتی
- ترحیٚو..
- هەتا نیٚتەوە نازانین، ئەگەر بە شمشاڵەوە هاتەوە، ئایشە گوڵەو قسەکانیشی راستن
- هەر بە تەما بە! کوڕە ئەو دەیگۆت هەر لیٚرە بمیٚننەوە، ئیٚ هەتا کەنگیٚ؟ هەتا ساڵی سەی! .. قسەی عەنتیکەو پەنتیکەی دەکرد، من ئەگەر ئەو قەندیلەی تڕۆ بکەم، دەبمە حیزو خویٚری؟ ! شەرتبیٚ بەس ریٚیم بچیٚتەوە ریٚی دەرچوون، گو لەو قەندیلەی دەکەم، بە شەڕەفم نابیٚت سواری ئەو تەیارەیەش بم کە بە نزیک ئاسمانی قەندیلیٚ بفڕیٚ... من تف لەو ناوو پیرۆزییە دەکەم کە ئایشە گوڵ باسی دەکرد... من تەواو بیٚزارم، لیٚتان ناشارمەوە، دەزانم ئەنگۆش وەکو من بیردەکەنەوە، هەر دوعای دەکەم ئەو ئەنفالە قەحپەیە قیچەک دڵی نەرم بیٚ و لیٚبوردنەکی لۆ من دەربکات، راست و راست و بە سەربەرزی دەچمەوە، کیٚ لە بیری ماوە من لە کەنگیٚوە ماڵ و منداڵی خۆم بە جیٚهیٚشتووە، بە خودای ئیٚستا ژنەکەی خۆم ببینمەوە، نایناسمەوە..منداڵەکانم هەر هیچ، داخوا ئیٚستا بە چ پیاوەکی دەڵیٚن بابە.. ئەمن کو دەزانم خوا بە هەقە ئەوهاش دەزانم ئەو قەندیلە مل حیزە زەفەر بە ئەنفال نابات..دوایی ئەمن شکم هەیە، بە خودای شکم لەو قەندیلەی هەیە، ئەمن بزانم شتەکی لەگەڵ بەغدای هەیە، کیٚ دەڵیٚ رۆژەکی پیلمان ناگریٚ و فریٚماننناداتە باوەشی بە غدا، ئەودەم چمان لە دەست دیٚت!! دەی لۆ خوای بڵیٚن قسەکانم وەیە یان وە نیە؟

- **هیچی وه نیه**
- **کو وەیە! ئەتو چ دەزانی؟**
- **نا من دەڵێم هەندەکی وەیە و هەندەکی وه نیه**
- **با هەمووی وەیە**
- **وەلا منیش دەڵێم هەمووی وەیە**
- **وه نیه توخوا!**
- **واز لەو باسەی بێنن باشه، جارێ زووەو چ دیار نیه چەندی وەیەو چەندی وه نیه**
- **نا واز ناهێنم، ئەوانه قسەی قۆڕ دەکەن، نەتدیتیه راست و رەوان بە من دەڵێن درۆی دەکەیت، هەتا ئێستا کەسەک درۆی لە من دیتیه؟ شەرمتان بە خۆتان نییه!**

**قسەی حیز مەهێنه ئێرە، لەوێی بهێڵەوە**
**وەره چا وەره چا، چا بخۆ بە هێڵەوە**
**بەرانپیلی ئایشه گوڵی گوڵی گوڵان**
**بەرانپیل نیه هەر دەڵێی کۆگایه**
**وەرن جوان لێی برۆنن، کوره هێڵیشی تێدایه**

**ئەو شیعرەی بەختیار نەبا، رەنگبوو قەندیل شەڕێکی دیکەی ناوەخۆی تۆمار بکردبا، ئا بەفر بۆنی شەڕی لێدەهات، ئاگر بۆنی شەڕی لێدەهات... خوا کردی بە ختیار هاته ناوبژییەوە، شیعرێ رێی لە کردنەوەی شەرێکی گەورە گرت و نەیهێشت ئاگری شەڕ بکەوێتەوە، رەنگە ئەو شیعرە تاقه شیعر بووبێ لە مێژووی چیادا، نەک هەر دنەی شەڕی نەدابێ، بەلکو چیای لە شەڕ دوور خستبێتەوە.. شیعرێ بوو هەموو ئەو شیعرانەی لە قوونی سەی نا کە هانی تفەنگیان دەدا، تەقە لەوەی تەنیشتی خۆی بکات.. چا چ چا! تامی قسەکانی ئایشه گوڵی ئەودەمانێی دەدا، ئەو دەمانەی جاروبار لە گەڵ گەردوگوڵی بە یانی بە نوردوی نان و مەنجەڵێ ماستی مەڕەوە دەگەیشته بەرزاییەکانی ( هەورێ ) و بە دیار چا دێمکردنەوە، لە لێوەکانییەوە، ئەو لێوانەی دەتگوت جمکانەی بزەن، نم نم وشەی دەباراند بە سەرمانداو هەورێی دەخستە سەمای پێکەنینەوە... چا تامی قسەی ئەو ساتانەی ئایشه گوڵی دەدا کە لە زیندانێ ئەنفالی فریودەداو دەرگایان لێدەکردەوەو دەهاتەوە کۆڵانێ، لە کۆڵانیشەوە تا سەر کانییەکەی بالیسان پشووی نەدەدا.. پێیه شینومۆر بووەکانی دەخستە ئاوەوەو لە لێوەکانییەوە قل قل ترێی وشه بەردەبوونەوەو پێشمەرگە وەک منداڵی هاروهاج پڕیان دەدەدانێ ... چا رێک ئەو چایه بوو، بۆ یەکەم جار کە لە رەشماڵێ لە رەشماڵەکانی زار گەلی لەگەڵ شێخ شوان دانیشتین و لە دەستی شۆخێ وەرمان گرت، بە مەهناز بانگیاندەکرد.. لە چای بن رەشماڵێ من تامی مەهنازم کرد، شیرینیی مەهنازم لە پیالەی چا خواردەوە.. مەهناز چ مەهناز لە رێواس ناسکتر، لە چای شیرین شیرینتر..چایەکەی مەهناز، چا چا سۆراخم دەکرد لە هیچ بنە مەتارەیەک لە هیچ پیاڵەیەک نەمدەدیتەوە، زۆر گەڕام نەمدیتەوە..تا ئایشه گوڵ نەیهێنا نەمدیتەوە.. شێخ شوان دەیگۆت چام لە دەستی هەرچی ژن و کچی عەنکاوە هەیە وەرگرتووە، تامی چای مەهنازیان نەداوە.. خۆزی شێخ**

شوانیش لێرە دەبوو، تا جارێکی دیکەش تامی چایەکی مەهنازیی بکردایە، چای ئایشە گوڵی، ئەو چایەی شەڕێکی گرژ لە زریان گرژتری، خاو خاو کردەوە، خاوییەک داو داو نیازی شەڕی لە پەژیوانی بەستەوە..

دەبێت کامیان بن، نا ئەو ئیشە ئیشی من نیە، ئەوە پیاوی خۆی دەوێ، لە تەنیشت رەشماڵەکە وەستاون.. چرپە چرپ دەکەن.. دەنگیان ناناسمەوە، دەبێ کێ بن! عەیشان، زارێ، نازێ، بێری، مەستان.... یەکیان مەهناز نەبێ!...لە ترسا بوو، لە شەرما بوو، لە خۆشیا بوو، لە هەموویان و لە هیچیان بوو، شێخ شوانم بە ئاگا نەدەهێنا..

- ها خەوتنە!
- نا، ئا.. ئئا. ننا..

باش بوو شێخ بە ئاگا هات.. شێخ ئەو پیاوە بە جەرگەی شەرمی لە ژن نەدەکرد، ئەو پیاوەی لە دیتنی ژن، نە تۆزێ بشلەژێ، نە زمانی تەتەلە بکا...

- کچێ دەوەرن، نووستنی چ، ئەوە بۆ وا درەنگ هاتن! خەریک بوو بنووین و تەمامان پێتان نەمێنێ
- نا وا مەڵێ گفتمان دابوو..

لە بن چاوەوە دیتم شێخ شوان دەستی یەکیانی گرت و بەرەو گابەردێ کە لە تەنیشت رەشماڵەکەو لە بەرانبەری مانگ قیت وەستا بوو، هەنگاوی نا، رووی لە منیش کردوو دەستی بۆ ژنەکەی دی درێژ کرد:

- ئێوەش لێرە

من تا ئەو دەمە سەیری هیچ کامێکیانم نەکردبوو.. لە غیرەتی شێخەوە هەستم کرد، منیش دەماری غیرەتم جوولەیەکی تێکەوت.. بێ سەیرکردن دەستی لەرزۆکم چووە سەر شانی.. هەر هێندەم زانی ژنێک بە رووتی وا لە باوەشمە.. لە بیرم نیەو نازانم ئەو ژنە چۆن رووتبۆوە!...هێندە دەزانم گوشینێ دەمگوشی، هیچ شتێکم وا نەگوشیوە، بڕوا ناکەم ئەویش قەت ئەوها گوشرابێ..لەبیرمە پەلە هەورێک بووم پڕ لە گرمەو برووسکەو زۆری نەبرد رژانێ رژامە ئەو ژنەوە، هیچ پەلە هەورێ بەو شێوەیە نەڕژاوەتە هیچ دۆڵێکەوە..تا نەڕژام لە لەشولاری ورد نەبوومەوە... نازانم باوەڕ دەکەن یان نا، بەڵام دەمو چاویشم نەدیتبوو...لە بەر تریفەی مانگە شەواو لە دوای رژان ناسیمەوە.. مەهناز.. ئەو کچەی باوەڕم نەدەکرد لە خەونیشا ماچێکی لێوەکانی بکەم.. ئێستا بە رووت و قوتی لە ناو تریفەدا راکشاوەو...ئەو مەهنازەی ئەو رۆژە لە بن رەشماڵێ بە دەستە ناسکەکانی خۆی چای تێکردو بۆمانی راگرت، چەند جوان و ناسک و شیرین بوو، ناگاتە مەهنازەکەی بەر بریفەی مانگەشەو..ژن چەندێ جوان بێت لە ناو تریفەدا، جوانییەکەی جوانتر دەنوێنێ.. لەو مانگەشەوییە هاوینییەدا ئەو شیرینییەی لە مەهنازدا مژیم، ئەگەر لە هەموو ژنانی دنیادا ئەو شیرینییە هەبێت، بڕواناکەم ژن دەستی لە تاڵیی ژیاندا هەبێت و بۆ تامیش تاڵیی نەڕژاندۆتە ژیانەوە.. ئەو جوانییەی من لەو شەوەدا لە مەهنازم چنییەوە، ئەگەر پیاوانی دنیا جوانیی وا لە ژندا بچننەوە، سەرریژ دەبن لە جوانی و بۆ ئەزموونیش پیاوێ

شک نابەیت جوان نەبێت... لە لێوەکانی مەهنازەوە تا رادەی بەدمەستی تەڕایی عەشقم خواردەوە، تەڕاییەک ئەگەر تووڕەیی ئەنفال بمکاتە بەرد، بمکاتە ئاسن، لە تەڕایی عەشق وشکم ناکاتەوە.. ئەو موچڕکانەی لە مەمکەکانی مەهنازەوە، لە پەنجەوە، لە لێوەوە، دەهاتنە لەشمەوە، موچڕکەی خودایی بوون، ئەگەر لە شەیتان پتریش بەربەرەکانێی خوداوەند بکەم، ئەگەر فتوای کوشتنی خوداوەندیش بدەم، خوداوەند دڵی نایە، ناتوانێ، لەو موچڕکانە بەتاڵم بکاتەوە.. مەمک چ مەمک ئەوەی من دیتم، دەبێ چەند کەس دیتبیان! رێک لە دوو هەرمێ دەچوون، لە جێیەکی گەلەک عاسێ..سوند دەخۆم لە پەنجەی با بترازێ، بای کوێستان، دەستی هیچ کەسەکیان نەگەیشتبووێ.. ئەگەر دەمزانی مەمکی کچان ئەوهایە، لە سەری بشکوژرابام، دوگمەی کچە جوانەکەی خزممان دەترازاندو تێر تێر گەمانم لەگەڵ دەکردو بە دڵی خۆم دەممژی... ئەو ساتانەی سەرگەرمی پشکنینی لەشولاری مەهناز بووم، کتێبەکان هەندەک یارمەتییان دام.. ئەو دێرانەی وشە وشە لەشی ژنیان هەڵگرتبوو، ئەو دێرانەی تەنها لە ساتەکانی رووتبوونەوەی ژندا، واتا دەبەخشن و راست دەکەونەوە... دێرەکان دەستیان دەگرتم و دەیانبردم و دەیانخستمە گەمەیەکەوە، دیار بوو کەس گەمەی ئەوهای لەگەڵ مەهناز نەکردییە.. گەمەی وام لەگەڵ دەکرد، لە کنە وی گەمەی تازە بوون، دەمدیت چێژ وەک تریفە پێیدا دەرژێ، پێمدا دەرژێ.... جارەکی دیکەش چوومەو دۆخی پەلە هەورو برووسکە لە دوای برووسکەم بە سەر جەستەی مەهنازدا دەهاویشت..
لە گرمە گرمی منی پەلە هەور، مەهناز دەتگوت درەختەو حاڵی گرتووە، هەژانێ دەهەژا، هیچ زەویلەرزەیەک لەرزینی وای نەخستۆتە زەوییەوە، چەند جوان بوو حاڵگرتنەکەی مەهناز، شەیتان بیدیتبا، مانی لە یاخیبوون دەگرت و دەهاتەوە ناو کۆڕی عاشقانی خواو حاڵی خواپەرستی دەگرتەوە..دیسانەوە رژامەوە بە خوڕ رژامە ناو کێڵگەی تینووی مەهنازەوە...من لە بارەی مەهنازەوە تەنها برووسکە چیرۆکێکم دەزانی، بڕواناکەم لە هەژدە هاوین پتری دیتبێت، چەند رۆژێ بوو شووی کردبوو، دووشەو لەگەڵ مێردەکەی خەوتبوو کە پیاوانی رەشماڵ بە هاواری خزمە کۆچەرییەکانیانەوە بە رێکەوتن، مێردەکەی مەهنازیش یەکێ بوو لەو پیاوانە، بەرەو گەرمیانێ بەرێکەوتن، بە مەبەستی رزگارکردنی خزمەکانیان لە چنگی ئەنفال، ئەو خزمانەی ئەنفال رێی کوێستانی لێیان گرتبوو.. هەر هێندەم لە مەهناز دەزانی و زانی... بەڵا ئەم شەو، لەم شەو تریفە رێژەی زارگەلی، لەو شەوە رەشماڵییەی کە لە هیچ شەوێکی من ناچێ، شەوێکە نەیووەو دەڕواو نایەتەوە، رەنگە نێتەوە.. ئا لەو شەوە رووناکەی کە (گارە) لە دوورەوە چاوی لێیە، من ورد ورد لەشولاری مەهناز دەپشکنم، پشکنینێ مێردەکەی حەوتساڵیش رووتی بکاتەوە، ئەو پشکنینەی من دەیکەم، لە دەستی ئەو نایەت.. بۆ هەموو پیاوانی رەشماڵیش خۆی رووت بکاتەوە، بڕوا ناکەم وەک لێوردبوونەوەی من لێیوردبنەوە.. ئەوەتا بە هەموو پەنجەکانم لەشولاری مەهناز دەپشکنم، بە لێو دەیپشننم ، بە زمان دەیپشکنم، بە چاوی لە تریفە تیژتر دەیپشکنم..جێداوێ لە جەستەی نەماوە لە دەرەوەی دیتنی من... مەهناز چ جێیەک لە لەشی نەماوە بۆ چەندان جار وەک قەندی شەکر لە ناو لێوەکانی من نەتاوێتەوە... داو داوی پرچی خاوی مەهناز لە بەر ئاوێنەی مانگ، بە پەنجە شانەدەکەم بە لێو شانە دەکەم...مەهنازی

ڕەشماڵنشین، مەهنازی سەر دەرگای ڕەشماڵ، مەهنازی لە مانگ ڕووتر، لە مانگ پڕ نازتر، مەهنازی شەوە تاقانەکەی من، ئەو مەهنازەی نەیدەزانی ناوە ناسکەکەی خۆی بنووسێ، منی فێرە لەشناسی کرد، ناسینی لەشی ژن هەر دەبێ لە ژنەوە فێر بی، ئەو ژنەش بۆ من مەهناز بوو.. مەهناز بوو چۆڕ چۆڕ تامی لەشی ژنی ڕژاندە گیانمەوە.. فێری کردم لە جیاتی دوعای چوونە بەهەشت، بۆ هەمیشە دوعای لە ژن نزیککەوتنەوە ، دوعای لە ژن توانەوە بخوێنم..... پیاوە کۆچەرییەکەی مەهناز، زاوا دوو شەوییەکە، لەم شەوی توانەوەو ڕژانەدا، وا لە گەرمیانێ شەڕی ئەنفال دەکات... منیش ئەو پیاوەی دەمێکە شەڕی ئەنفالم ڕاگەیاندووەو چەکی پێشمەرگایەتیم لە شانییە، من ئەو پیاوەی هەرچی خەلکی گەرمیان و کوێستان هەیە، چاویان لە دەستی منە، بچم بەر سینگی ئەنفال بگرم و زەبرەکی وای بخەوێنمێ، خەیالی چیا گرتنی لە سەری دەر بکەم، وەها چاوشکێنی بکەم، بە کێندەرێدا هاتووە بە وێدا بگەڕێتەوەو هەتا دەگاتەوەو بیابانێ نەوێرێ ئاوڕبداتەوە... پیاوە کۆچەرییەکە لەوێ بەو شەوە شەرێ ئەنفال دەکات.. لە کنە من ئەو شەوە شەوی شەڕ نیە، شەوی توانەوەو ڕژانە لە عەشقدا، ئەوەتا لەگەڵ ژنی پیاوە کۆچەرییە شەڕکەرەکەدا، لە سەردەرگای ڕەشماڵدا کە بۆ مانگ لە سەر پشتە، لە گەمەیەکی خوداییں، گەمەی ناسک، گەمەیەک کە چێژ تێیدا تریفەیە، تریفە بە تەنێ بۆ من نیە، مەهنازیش لەشرێژە لە تریفە... گەمەیەک ئادەمیش لەگەڵ حەوادا نەیکردووە، نەیزانیوە، بیزانیایە دەیکرد، ئەگەر ئەو گەمەیەی من دەیکەم ئەو لەگەڵ حەوا بیکردایە، منداڵی ئاشقیان دەخستەوە، منداڵی وا هەرگیز بیر لە کوشتنی یەکتر نەکەنەوە... نا نەیانزانیوە، ئەگەر ئادەم و حەوا بیانزانیایە، لە جیاتی ئەنفال، ئایەتێک لە دایک دەبوو، ناویان دەنا تریفە......نازانم شەو گەیشتبووە کوێ! نازانم گەمەی مەهنازو من چەند کاتی ویست... ئەوەم باش لە بیرە سێ جار بوومە پەلە هەور، هەورێ جیا لەو هەورانەی لە پایزاندا لە گارەوە بەرەو ئاگری قۆڵ لە قۆلی یەکتر هەلدەکێشن وئاوڕ لە زارگەلی نادەنەوەو نارژێن بە سەر ئەو گابەردانەی ئەمشەو پاسەوانی لە من و مەهناز دەکەن.. سێ جار خوڕ خوڕ ڕژامە مەهنازەوە.. جاری سێیەم دلنیا نیم لەوەی مەهناز بە ڕژانەوە ڕانەکانی بۆ ڕژانی من کردەوە یان نا، بەلام دوو جارەکەی دی ڕژان لە ڕژانەوە بوو... ئەو بەژن و لەشولارە ڕووتەی من دیتم و مەهناز بوو، ئەو شێوە ئەندازەییەی کە خوداوەند هەموو توانای ستاتیکیانەی خۆی تێدا بە گەڕ خستبوو، مەهناز بوو، من لە ناو تریفەدا بە چاوی مانگ لێی وردبوومەوە، ئەو سپێتییەی لە مەهنازەوە ڕژایە گیانی منەوە، ئەو چێژەی ئەو ژنە بە منی بەخشی، ئەگەر لە هەموو ژنانی دنیا ئەو جوانیانە هەبا، ژنانی دنیا تامی هەموو میوەیەکیان بە تامترەوە بدایە، وەک من لە مەهنازدا تامم کردن... من دەلێم هەر پیاوێ خولیای ژن گۆڕینی لە سەر با، دەبێت لە سەری بدرێ........ ژنەکەی شێخ شوان بانگی مەهنازی کرد:

- درەنگە کچێ، بەس نیە، تێر نەبووی
- با بڕۆین

مەهنازی ڕووت خێرا چۆوە ناو جلو بەرگەوە.. بە دەم ڕۆیشتنەوە:

- ئەگەر منداڵێکم بوو کەمێک بە تۆ چوو ناوی دەنێم تریفە

- ناوێکی خۆشە وەک ناوی خۆت

شێخی شێخان گەیشتەوە بن ڕەشماڵ:

– ها کو بوو!

– تا مردن قەرداری تۆو مەهنازم

– قەرداری* شمشاڵەکەی خۆتی

– کو!

– ئەو شمشاڵە مەهنازی هێنایە باوەشی تۆ

– ئەها!

- خەوت نایە؟ نووستی یان نا!

– نەنووستم و خەویشم نایە، دەڵێن شێت بووە، دەنا بەو ناوەختە مەهنازێکم دەژەنی

– بنوو کاکە بنوو، سبەی ڕێی دوورمان لە پێشە...

ئێستا بیر لە تریفە دەکەمەوە.. هەستدەکەم منداڵێکم هەیە پارچەلە، ناوی تریفەیە، ناوی دایکی مەهنازە، نازانم بابی ناوی چیە! ڕەنگە دنیا پڕ بێت لە منداڵی باب نادیار، تریفەش یەک لەوانەیە.. ڕەنگە من کچێکم هەبێ بە ناوی تریفە، ڕەنگە کچ نەبێت کوڕ بێت بەڵام هەر ناوی تریفەیە، بابی تریفە پیاوێکە نە تریفە دەیناسێ نەدایکی تریفە دەیناسێتەوە.. بابی تریفە ڕەنگە ئەو پیاوە بێت، وا لە ناو زریانی قەندیلدا ئەو زریانەی ئایشە گولی برد، لە بن سێ گابەردی گەورە، ئەو بەردانەی خوداوەند بە دەستی خۆی بۆ ئێمەی لێرە دانا..بە تەنیشت شەش دنکە پساوەدا، بە دزی و دوور لە چاوان دەچێتەوە مانگە شەوەکەی زارگەلی و مەهناز لە باوەش دەگرێ، رووتی دەکاتەوە، گۆی مەمکەکانی دەخاتە لێویەوە، مژ مژ دەیانمژێ، مژینێ تریفەش وای نەمژیبێ...ئا من منداڵێکم هەیە نازانم کچە یان کوڕ، ناوی تریفەیە.. شێخ شوانیش ڕەنگە منداڵێکی هەبێ، نازانم چ ناوێکیان لێناوە، بەڵام دێتەوە بیرم دایکی منداڵەکەی شێخ ناوی مەستان بوو، مەستان چ مەستان، هەر بە تەماشاکردن مەستی دەکردی... مەهنازو مەستان هەوگیانی یەکتر بوون، ماڵیان بە تەنیشت یەکەوە بوو، گابەردێ نێوانیان بوو.. مێردەکانیان چووبوونە گەرمیان بۆ شەڕی ئەنفال.. بەڵام بابی منداڵەکانیان لە شەوێکی تریفەیی، لە شەوێکی هاوینیی فێنک، توند توند لە باوەشیان دەگرن و دڵیان نایێ بە جێیان بهێڵن..

- بێدەنگی دەتکوژێ.. ڕایەلی ڕابردوو لە پەل و پۆت دەخات.. ئاگاداری خۆت بە..
- من.. نا..چ نیە
- قسە هەڵدەبزڕکێنی.. مەهناز کێیە! تریفە چیە؟ شێخ شوان چی بەسەر هاتووە هێندە ناوی دێنی، شتێک لە بارەیەوە دەزانی
- نا هیچی لێنەهاتووە.. ئاگام لێی نیە.. نازانم..
- ببوورە..

خوا خوام بوو فاتیمە وازم لێبێنێ.. من درەنگمە ئیشم بە قەندیل نەماوە.. دەبێت هەتا زووە بگەمەوە زارگەلی..ئا دەبێت سۆراخی مەهنازو تریفە بکەم... من منداڵێکم هەیە، لە شەوێکی

مانگەشەوی لە بەردەم رەشماڵێ لە ناو لەشی مەهنازدا بە جێمهێشت.... مەهناز راستی گۆت.. رستیەک نەبوو لە بیٚ قسەیی لە زاری مەهنازەوە بەر بووبێتەوە.. رستەیەک پڕ لە واتا وەک زگپڕبوون واتادار.. دەڵێن ژن بەر لەوەی منداڵ بکەوێتە زگیەوە، دڵی خەبەر دەدات، دڵی پێی دەڵێ، ئاگادار بە منداڵێ بە رێوەیە.. ئا ئەو ساتانەی دەرژامە مەهنازەوە خۆی لە جوولە دەخست، بۆ چەند ساتێ گیانی تێدا نەدەما... خوێندبوومەوە لە کتێبان خوێندبوومەوە، حەزی زگپڕبوون چووە دڵیەوە، لە دوای رژان جوولە لە خۆی دەبڕێت، بە بەر گەزەشی بدەی، رانەکانی نابزوێنیٚ، مەهناز وای کرد، سیٚ جار جوولەی لە خۆی بڕی... ئا من منداڵێکی چاو گەشی جوانم هەیە، پتر چۆتەوە سەر دایکی، ناوی تریفەیە، دەبیٚ بیبینمەوە، دەبیٚ دایکی تریفە ببینمەوە...

- بەس بزانم تریفە کێیە!!

نەدەکرا وەڵامی ئەو پرسیارەی فاتیمە نەدرێتەوە، دیتم فاتیمە هەموو گیانی خۆی بۆ وەڵامیٚ هەڵخستووە، پرسیاریٚ بوو تک تک تامەزرۆیی لێدەتکا..

- تریفە ناوی منداڵەکەمە
- چی چی! بۆ تۆ ژنت هەیە؟ من تازە بزانم...
- منداڵەکەم ناوی تریفەیە...
- دایکی ناوی چیە؟
- مەهناز
- من واتای مەهناز نازانم چیە
- واتاکەی ئەوها ئاسان نیەو لێرە ناگۆتریٚ.. بۆ ئەوەی تێبگەین، دەبێت دنیا لە مانگەشەوی هاوینیدا بیٚ و مانگەشەویٚ پڕ لە تریفە، تریفە بڕژێتە پێش ئەو رەشماڵەی لە زارگەلیدا بە سەر هەڵدێرا دەیڕوانی.. من و شێخ شوان لەویٚ بووین،،، ئا بەس لەویٚ تێدەگەین مەهناز چیە، تریفە چیە..

ئەوشەو سەرم بەتاڵ بەتاڵ لە ئەنفال
نە هوڕەیەک لە هێڕشی ئەنفالەوە دیٚ
نە شنەیەک لە بەزەینی ئەنفالەوە
شەوترین شەوی ترسە
شەوترین شەوی شەرمە
شەوترین شەوی چێژ..
شەوە تاقانەی تەمەنە ئەو شەو
رەشماڵ کپ کپ
کوێستان هەمووی خەوتووە..
من خەوم نایە

گوتیان ژنیٚ وا به ریٚوه

له پیٚشوازیی ژن

ترس به پیٚوه

شه‌رم به پیٚوه

چیٚژیٚ له ناو تریفه‌ی پیاویٚ

رووت رووت دانیشتووه..

( مارشی پیٚشمه‌رگه)

- ئه‌ها...ئه‌وه ره‌شماڵی رابردووه....
- به راست که‌س له ئیٚمه هه‌یه له ئیٚستادا بژی؟
- وا بزانم هه‌موومان پتر له رابردوو ده‌ژین نه‌ک ئیٚستا، به‌س تۆ له هه‌موان پتر له رابردوو پیاسه ده‌که‌یت و که‌متر له ئیٚستادا به دیار ده‌که‌ویت....وا بزانم به زۆر چاوت نه‌که‌ینه‌وه که‌س له ئیٚمه نابینی..
- کوا ئیٚوه‌ش لیٚره بزرن، گویٚم له قسه‌تان نیه، جاروبار نه‌بیٚ
- ئایشه نه‌ختیٚ به قسه‌ی خستینه‌وه، ده‌نا هه‌موومان قسه‌مان له بیر چۆبۆوه، به‌ختیار جاروبار نه‌بیٚ، شیعری به زاریدا نایه، م . شیٚرزاد بیٚ سروود ماوه‌ته‌وه... هه‌موو هه‌موو ده‌ڵیٚی پۆلاٚن و.... به‌لاٚم که‌سمان وه‌ک تۆ..
- به راست ئه‌و ژنه ئایشه گوڵ بوو؟
- ئا ئایشه گوڵ بوو، به‌لاٚم ئه‌و ئایشه گوڵه نا که پیٚشتر ده‌مانناسی
- من پیٚشتر وام دانابوو، ئایشه گوڵ له هه‌ر جیٚیه‌ک بیٚ هه‌ر ئایشه گوڵه
- هه‌ر که‌سیٚ ریٚی به قه‌ندیل بکه‌ویٚ که‌سه‌که‌ی پیٚشوو نیه
- تۆش؟
- تۆش
- من خه‌ریکه چاوم له چاوه‌ڕوانی بکه‌ویٚ.. به راست چاوه‌ڕوانی چی بکه‌ین
- ناشیٚ چاوه‌ڕوانی له ده‌ست بده‌ین.. من تا ئیٚستا چاوه‌ڕوانی خاره خوله‌م ده‌کرد، به‌لاٚم ئیٚستا چاوم له ریٚی ئایشه گوڵه
- پیٚتوایه جاریٚکی دی به قه‌ندیل بکه‌ویٚته‌وه
- ئه‌گه‌ر له ده‌ره‌وه‌ی قه‌ندیل بیٚت، ره‌نگه بیٚته‌وه، نازانم..
- له میٚژه هه‌واڵی دایکت نازانی؟
- ئا..من زۆر غه‌ریبی دایکم ده‌که‌م، من بیٚ ماڵئاوایی دایکمم به‌جیٚهیٚشت
- بۆ بیٚ ماڵئاوایی؟
- نازانم.. ئیٚ، جاریٚک بۆ یه‌که‌م جار ئایشه گوڵم دیت و ناسیم، هاته گاره، له نیٚوان من و مه‌ستووره دانیشتبوو، ده‌ستی له سه‌ر شانمان دانابوو، ماچی ده‌کردین، قسه‌ی خۆشی

دەکرد، من هەستم دەکرد ئەوە دایکمە وا لەگەڵمایە..لە سەر رۆیشتن بوو پێگوتین چ پێویستیەکتان هەیە، چ راسپاردەیەکتان هەیە بیڵێن مەترسێن و شەرمێ مەکەن، مەستوورە گۆتی نامەیەکم هەیە بۆ بابە تایەری برام، ئەگەر بیگەیەنیێ تا مردن لە چاکەت دەرناچم.. ئایشە گوڵ بە مەستوورەی گوت: دەی کچم زوو بینووسە، ئەوە هەر زۆر ئاسانە، ناوونیشانەکەیم بە درووستی بدێ و خەمت نەبێ، بەسەر چاوی دایکی خۆت، دەیگەیەنم...منیش گوتم: وەڵا منیش نامەیەکم بۆ دایکم هەیە... ئێ نامەیەکی جوان بە دڵی خۆمم نووسی و هەمووی شتێکی لە دایکم شاراوەم تیا نوسی..ئایشە گوڵی دایک تێر تێر ماچی کردین , بە دوو نامەوە رۆشت، نامەیەک بۆ هەمەدان، نامەیەک بۆ بەسرا.... ئیدی من و مەستوورە بە ئاسوودەیی بە تەنیشت یەکەوە راکشاین ئەو لە پێش من خەوی لێکەوت...... ئێ نازانم چەندی پێچوو، حەفتەیەک کەمتر پتر...هەر لە گارە لەو شوێنەی نامەمان نووسی و ئایشە گوڵ لێی وەرگرتین، ئا هەر لەوێ من و مەستوورە بە تەنیشت یە کەوە لە خەوێکی هاوینیدا بووین...هەستم کرد دەستێ بە پەنجەکانی یاری بە قژم دەکات، نەموێرا چاوم بکەمەوە، ترسام، گوتم هەبێ نەبێ ئەوە جەنگاوەرێکی تینووە، گوتم لە مێژە لە ژنی نەخواردۆتەوەو وا رێی بە من کەوتووە، لە دڵی خۆم دەمگوت چ بکەم باشە!.. گوێم لێبوو بە دەنگێکی نزم نزم دەیگوت: دەهەستن کچە جوانەکانم دەهەستن، تێر خەو نەبوون... یەکسەر راپەڕیم، مەستوورەش هەستا، کێ بێت باشە! ئایشە گوڵی دایک... هەردووکمانی توند توند لە باوەش گرت، لە باوەشگرتنیێ دایکیشم منی وا لە باوەش نەگرتووە، کەس کەس منی وا لە باوەش نەگرتووە..... لە بەرکی کەواکەی دوو نامەی دەرهێنا...بە پرتاو لە دەستیم وەرگرت، نامەی دایکم بوو دەستخەتەکەیم ناسییەوە...دایکم زۆر شتی بۆم نووسیبوو... دەزانی نووسیبووی تۆ هێندە خەم لە من مەخۆ، منیش لەمەو دوا بە شێوەی جاران خوم لە تۆ ناخۆم، چونکە تۆ بێجگە لە من دایکێکی دیکەشت هەیە، لە من میهرەبانتر، ئەگەر منیش بمرم تۆ بێ دایک نابیت و دایکێکی دیکەت هەیە ناوی ئایشە گوڵە..... بابە تایەریش بۆ مەستوورەی وا نووسیبوو: من تا ئێستا وام دەزانی لە دنیایێ یەک ژن هەیە لە هەموو ژنانی دنیا جوانترو میهرەبانتر ئەویش ناوی مەستوورەیە، بەڵام ئێستا ژنێکی دیکەش لە جوانی و میهرەبانی وا بە تەنیشت مەستوورەوە راوەستایە، ناوی ئایشە گوڵە، نووسیبووی مەستوورەکەم تۆ زۆر خۆشبەختی کە جوانترین خوشک و جوانترین دایکت هەیە، ناویان ئایشە گوڵە....

- دەزانی لەمێژە پرسیارێکم بۆ تۆ هەڵگرتووە..
- پرسیار هەڵگرتن بارێکە، مرۆڤ پەکدەخات، بیکەو رەنگە وەڵامت بدەمەوە
- بریا بێ رەنگە بایە... تۆ چی پۆلآی؟!
- بە خۆشم نازانم! بۆ پرسیارەکە لە پۆلا ناکەیت!
- خورما وەڵام نەداتەوە، بەرد وەڵام دەداتەوە!

- ئەو قسانەی لە کن بەرد هەن بڕوا ناکەم لای خورما دەستبکەون.. بەرد ئەگەر بزانی لە کوێوە دەیقرنجێنێ، جۆگەیەک لە قسەی پێیە..دەترسم حەزت چووبێتە خورما..ها ها ها...

کەس نەیدەزانی فاتیمەو پۆلاَ چی یەکترن، هەندێک دەیان گوت خوشک و بران، هەر لە منداڵییەوە لێکدی دابڕاون و بە گەنجی یەکتریان دیتیتەوە، هەندێکی دی دەیانگوت نا ژن و مێردن، هەشبوو دەیگوت فاتیمە زڕدایکی پۆلاَیە، ئەویدی دەیگۆت وە نیە، پۆلاَ زڕبابی فاتیمەیە..کەس نەیدەزانی شکت بۆ هەر شتێک دەچوو، لە پڕا نیشانەیەک دەردەکەوت شکەکەی بەتاڵدەکردەوە...

- تۆ واز لەوە بێنە...من دەمێ دی شێخ شوانم لە خەوێ دیت.. لەو خەوە چاوی زۆر دێشا.. ئیدی نازانم چ بوو.. بەخەبەر هاتم... من باشم نەدەناسی، وابزان زۆر برادەرت بوو، چی لە بارەوە دەزانی؟

- زۆر، بەلاَم چیرۆکی ئەو شێخە چ بە تۆ دەبەخشێ؟

- رەنگە هیچ! بەلاَم لە ئێستادا حەزم لە گێڕانەوەی سەرهاتە، دەکرێ سەرهاتێکی دیم بۆ بگێڕیەوە، هەر سەرهاتێ، هی هەر کەسێ، گرنگ نیە... ئەگەر سەرهاتی شێخ بێ باشتر.. هەستمکرد فاتیمە حەزی لێیە من قسە بکەم، هەر قسەیەک، پێدەچوو وەک من، وەک ئەوانی دی زۆر قسەی بۆ خۆی کردبێ، بێزار بووبێ لە بیستنیان، دەیەوێ کەسێکی دی قسەی بۆ بکات

- باشە فاتیمە خان

- وازت لەو فاتیمەیە نەهێنا

- چۆن وازی لێدێنم! ها ها.. ئەو شێخ شوانە وا بزانم خزمی مار شەمعون دەبێتەوە، لەوەتەی دنیا هەیە ماڵیان لە عەنکاوەیە، من جارێک چوویتمە ماڵیان، ماڵەکەیان کەوتۆتە نێوان کلێسەیەک و باڕێک..بە خۆت بینیوتە چەند جوانە دەڵێی حەزرەتی مەسیحە، بە خۆی دەیگۆت هەر لەبەر ئەو جوانییە ناویان لێناوە شوان..

- ئەدی شێخەکە لە کوێوە هات؟

- بە خۆی بۆی گێڕامەوە ماڵێکی موسلمان دراوسێیان دەبێ، کوڕەکیان هەیە ناوی زانایە، ئەو ماڵە بە بنەچە دەچنەوە سەر شێخەکانی نازانم کێندەرێ.. ئیدی خەلک زاناش بە شێخ زانا بانگ دەکەن..شوان و زانا بە منداڵی زۆر برادەری یەکتر دەبن، بستەک بەبێ یەکتر ناڕۆن.. دواتر شوان دەبینێ ئەو زانایە زۆر درۆزنە، سەختە چیە، هەتا دزینیشی لێدەبینێ.. ئیدی خۆی لێی دوور دەخاتەوە.. بەلاَم دەبینێ لە ناو خەلکی هەولێرێ هەموو هەر بە شێخ زانا بانگی دەکەن و ریزێکی گەلێک زۆری لێدەگرن، ئەویش هەر لە بەر ناوەکەی.. کەچی نیو هێندە ریز لە شوان ناگرن، بۆیە شوان بڕیار دەدات، ئەگەر بە ئایینی مەسیحیش بێت، شێخەک بە خۆیەوە بنێ، وەلا شێخایەتی خۆی رادەگەیەنێ و دەڵێ یەکەم جار بەسەری موحەمەد ئەوجا بەسەری عیسا هەرکەسەک بە شێخ شوان بانگم نەکات، وەلاَمی نادەمەوە، ئەوجا خوای دەکرد دایکم دەبوو.. ئۆمەتی موحەمەدو ئۆمەتی عیسا لێی

دەچنە تكایێ، كوڕم وانابێ، بابم وانابێ، لە كەللەی شەیتان وەرە خوارێ، ئەتو شێخیان نەگۆتیە، پێی دەلێن خۆت شێت مەكە ئەو دوو ئایینە جوانە پیس مەكە، خۆ ئایین تێكەلكردن وا ئاسان نیە، چما وەكو تێكەلكردنی هێلكەو تەماتەیە!.. شێخ شوان بڕیارەكەو پەشیمانی تێدا نیە، سواری پشتی شەیتان بووەو دانابەزێ...

- ئەوە ناسكترین شۆڕشە..ئێ چیدی!
- زۆر شت هەیە، نیوەی سەرهاتی شێخ شوان لە كنە منە، بەس ئێستا شتێكم نیە بۆ گوتن
- نیتە بۆ گوتن یان حەز بە گوتنتی ناكەیت؟!
- نا بۆ حەز ناكەم..
- حەز دەكەم شێخ شوانی بن رەشمالم پێ بناسێنێ
- شێخ شوانی بن رەشمال و شێخ شوانی چیای كۆرس و پێرس رەنگە هەر هەمان شێخ بن، خۆ ئەوەی ئەوێ دەناسی...

من نەمدەویست بە ئاگایی فاتیمەوە بەرەو رەشمال بچمەوە..نامەوێ بیبەمە شەوە مانگە شەوییەكەی زار گەلی و بە رووتی من و مەهناز ببینێ.. حەزم لێبوو ئەو دیمەنە جوانانەی ئەوێ ببینێ، بەلام شەرمم دەكرد، زۆر زۆر شەرمم لە فاتیمە دەكرد..

- ئەگەر تۆ شێخی بن رەشمالم پێبناسێنێ، من شێخێكی كۆرست پێدەناسێنم رەنگە نەتناسیبێ
- ئەوە چیە! قەت تۆ نەبووی.. سەرهات لە بری سەرهات
- نا گالتەت لە گەل دەكەم..

من هەستم كرد، فاتیمە لە قسەكانی خۆمەوە، داوی بۆم داناوەتەوە، لە بیرم نیە بە چ شێوەیەک باسی مەهنازو تریفەم بۆ كردووە.. یان رەنگە م . رەسوو نهێنیەكەی بۆ فاتیمەش گێرابێتەوەو لە چاوی كراوەی بێئاگای منەوە لە زاری داخراوی منەوە، وێنە وێنە چاوی بە ئەلبوومی شەوە مانگە شەوییەكە گێرابێت...نا پێویستە پارێزی لە شەرمی خۆم بكەم و نابێت تک تک لە پێش چاوی فاتیمە بیتكێنم...

- ئێ، ئەوجا من و شێخ شوان كە دوعاخوازیمان لە رەشمالەكانی زارگەلی كرد بەرەو خواكورک بە رێكەوتین... لە رێ چاو ئێشەیەک چاوی شێخی گرت، عەجمانی لێهەلگیرا... برۆ برۆ.. هێندەم زانی شێخ هاواری كرد كورە دەستم بگرە، چاوم هیچ نابینێ... بە هەر حال گەیشتینێ... دكتۆرەک لەوێ بوو لەمێژ نەبوو لە مۆسكۆ گەڕابۆوە، تەماشای چاوی كرد.. گۆتی چاوی تۆ بەس لە مۆسكۆ چا دەبتەوە.. چەند رۆژێک من و شێخ لەوێ ماینەوە.. پێیانگۆت دەتنێرینە مۆسكۆ.. شێخ بە ئاستەم شتی دەدیت، هێلكەو پیازت لە بەر دەم دانابا، بە چاو لێكدی جیا نەدەكردنەوە.... من دەبوو بچمەوە بالیسان، خەبەر هاتبوو دایكم دێتە ئەوێ.. مالئاواییم لە شێخ كردو دوعای چاكبوونەوەم بۆی خواست و پێم گۆت كاتێ بە چاكبوونەوەوە لە مۆسكۆ هاتیەوە، شووشەک ڤۆدگای رووسیم بۆ بێنە..گۆتی ها

جاریٚ ئەو رادیۆیەت بدەمیٚ من پیٚویستم پیٚی نیە.. لیٚم وەرگرت، ئەو رادیۆیەی دامە ناسک و ئەنفال بردی.. من ماوەیەکی زۆر چاوەریٚی شیٚخم دەکرد بە شووشەک ڤۆدگاوە بگەرِیٚتەوە... رۆژەک بیستم شیٚخ شوان لە بەغدایە.. کورە کو! گۆتیان وەلا لە باتی بۆ مۆسکۆی بنیٚرن ناردیتیانە بەغدا..ئیدی نازانم چی بەسەر هاتووە....

- ئەوە بەراستتە ئەتو!
- چۆنی دەگیٚرِمەوە ئەوهایە
- برِوا ناکەم بەسەر دنیاوە مابیٚ.. خۆزگە دلٚیم نەدەشکاند..
- بۆ دلٚیت شکاندووە!
- ئا وەک شووشەی ڤۆدگا شکاندم
- حەز دەکەم گویٚم لە زرینگانەوەی ئەو شکانە بیٚت
- ئەو کورِە لە بەلاش نەهاتە خەونم، شتیٚکی خراپی بە سەر هاتووە.. من کە سەیرم دەکرد وام دەزانی لە پیٚش ویٚنەکەی مەسیح وەستاوم، زۆر لەوی دەکرد
- وایە هەندیٚ لە کچانی عەنکاوە بە شوان مەسیح بانگیان دەکرد...دیارە حەزناکەیت قسە لە دلٚشکانەکەی بکەیت؟
- با باسی دەکەم، لە بەر تۆ نا لەبەر خۆم، بۆ کەسیٚکی باس نەکەم دلٚم شەق دەبا... با ئەو کەسە تۆ بیت... رۆژوشەوەکەی کۆرست لە بیرە
- باشم لە بیرە، ئەو شەوو رۆژەی کە لە شەوی پیٚشتری ئیسرائیل خیانەتی لیٚکردین
- رادیۆ درۆزنەکەی گوتی بەریٚکەون، هەتا سیٚ رۆژیدی، ئاسمان ریٚنادا یەک پەلە هەوری توخن بکەویٚ... کەچی ئەو شەوو رۆژە هەرچی هەوری سالاٚن هەیە لە ئاسمانیٚ خربوونەوەو بارانی حەوت سالاٚن بە سەر ئیٚمەو کۆرسدا رژا.. ئەو بوو هەچۆنیٚ بوو بە ریٚیە عاسیٚیەکە هەلگەرِاین، هیٚسترە جوانەکانمان لەبەر غەزەبی ئاسمان بە جیٚهیٚشت و خۆمان گەیاندە ئەشکەوتەکە
- ئەو ئەشکەوتەی وا بزانم بۆ یەکەم جار بوو، مرۆڤ ببینیٚ
- ئا.. لە بیرتە چ ئاگرەکی گەورەمان کردەوەو زوو زوو وشک بووینەوەو خەومان هات، وا بزانم ئەو شەوە یەکەم شەو بوو لە ژیانی مە، بەبیٚ ئیشکگر بنووین، وا بزانم تاقە شەویش بوو پیٚش نووستن ،شمشالٚەکەی تۆ دەنگی لیٚوە نەهاتبیٚ
- وا بوو گوتیان نەک هەر جاش و عەسکەر ریٚیان بیٚرە نەکەوتووەو ناکەویٚ، پیٚشمەرگەش لە تەمەنی خۆی نەگەیشنۆتەئیٚرە، وایە ئەو شەوە شمشالٚیش ماندوو بوو..
- ئا، ئەوە بوو هەمووما‌ن وەک هەلەبجە پەلەواژ بووینەوەو خەوتین......
- ئیٚ خەوتین!